https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.142

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# بنمیچی شوشەیی و کاریگەریی لەسەر ئەدای ژن لە کاردا

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر ژنانی نێو پارتە سیاسییەکانی شاری سلێمانی

**پ.ی.د. ژیا عباس قادر**

زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / بەشی کاری کۆمەڵایەتیی

zhiya.qader@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە دیاردەی بنمیچی شوشەیی لەکاردا بە گوێرەی رەگەزی مێینەوە دەکۆڵێتەوە ، کاریگەرییەکان و شوێنەوارەکانی لەسەر نواندنی (ئەدا) ژن لە شوێنی کاردا. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیی شیکارییە ، پشتدەبەستێت بە میتۆدی «رووپێوی کۆمەڵایەتیی بە رێگەی نموونە)»، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە (١٦٥ نموونە کە تەمەنیان لە نێوان (٤١-٥٠)ساڵیدایە، خێزاندارن و بەکالۆریۆسیان هەیە) لە کۆی گشتیی ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە لەنێو پارتە سیاسییەکاندان کە بەشێوەیەکی هەرەمەکیی لە سەرجەم فراکسیۆنە کوردییەکانی شاری سلێمانی وەرگیراون. بە پێی ئەنجامەکان لە پلەی یەکەم ئەوەیە کە پەیوەستە بە کاریگەریی زۆریی رۆڵدارییەکانی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیی و، لەسەر نەگەیشتنی ژنان بە پۆستی باڵای سیاسیی کە ناوەندی ژمێرەییەکەی دەکاتە (٣.١٦) و لادانی پێوەریی (١.٤١) ئاستی بڕگەکەی توندە. سەبارەت بە شوێنەوارەکانی بنمیچی شوشەیی، ئاستی کاریگەریی کۆی گشتیی بڕگەکانی ئەم تەوەرە توندە بەڵام لە پلەی یەکەم بڕگەی (٢٠) دێت کە بریتیە لە هەستکردن بە نائومێدیی. سەبارەت بە گەیشتنی ژنان بە پۆستەباڵاکان لەنێو کایەی سیاسیی، ناوەندی ژمێرەییەکەی دەکاتە (٣.١٥) و لادانی پێوەریەکەی (١.٤٢) ئاستی بڕگەکەی توندە، هەر ئەمەش وایلێکردوون ئارەزووی کاری سیاسەتیان نەمێنێت. بە رای زۆرینە، گرنگترین میکانیزمێک کە بگیرێتەبەر، لێپێچینەوەیە لە بکەرەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسیی و، بەو پێیەی ناوەندە ژمێرەییەکەی دەکاتە (٣.١٣) و لادانە پێوەرییەکەی (١.٤١) و ئاستی بڕگەکەی توندە. لە رێگەی تاقیکردنەوەی (ف) دەردەکەوێت لە کۆی گشتیی تەوەرەکان دا، بەهای (ف) ی بەدەستهاتوو زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥)، بۆیە جیاوازییان لە نێوان وەڵامی بەرتوێژەکان نییە. لە گرنگترین پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوەیە، هاندانی ژنان و کچان بۆ زیاتر بەشدارییکردن لە کایەی سیاسیی لە رێگەی بەشداربوونیان لە خولی هۆشیاریی لەبارەی کاری سیاسیی و، تەنانەت هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان سەبارەت بە گرنگیی رۆڵی ژن لە کاری سیاسییدا هەتا نەبنە رێگر لە پێشیان.

**کلیلە ووشەکان : بنمیچی شوشەیی ، ئەدای ژن لە کاردا ، پارتە سیاسییەکان ، بەشداریی سیاسیی ژن**

Recieved: 5/6/2022
Accepted: 1/7/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

مەبەست لە بنمیچی شوشەیی؛ ئەو بەربەستە نادیار و شاراوانەیە کە دێتە پێش ژنان و دەبنە رێگر لە پێش گەشتنیان بە لوتکەی باڵای هەرەمی پیشەیی لە کاردا بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە توانا و لێهاتویی تاکەوە هەبێت، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە ئەو کەسە سەر بەرەگەزێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بێت، جۆرێکی ئەو جیاکاریانەیە کە رووبەرووی ژنان دەبێتەوە لەکاردا، بەهۆی ژنبوونیان و چەند هۆکارێکی تر هەیە هەندێکیان پەیوەستە بە خودی ژن خۆی و بەشێکیشی پەیوەستە بە کاریگەری کلتوور و یاسا و رێساکان و تەنانەت سیاسەتی دامەزراوەکەوە.

بێگومان نەگەیشتنی ژن بە پۆستی باڵای کارگێریی و سیاسیی لە کۆمەڵگەدا، شوێنەواری خۆی لەسەر ئەدای ژن بەجێدەهێڵێت، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بەربەستانەی کە وەک بنمیچێک رێگەی گەیشتن بە لوتکەی هەرەمەکە لە ژن دەگرێت، پاشان خستنەرووی شوێنەوارەکانی لەسەر خودی ژن خۆی و دامەزراوەکە و کۆمەڵگەش بە گشتیی. هەروەها بەمەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمێکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە نەخوازراوە کە دەبێتە کۆت و بەندێک بۆ خستنە گەڕی تواناکانی ژن .

دیارە، لەگەڵ دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازیی گۆڕانکاریەکی گەورە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هات، شێوازی ژیان بەگشتیی گۆڕا بەڵام لەم نێوەندەدا ژنان لەهەموو چین و توێژەکانی تر زیاتر بەرکەوتەی ئەم گۆڕانە بوون و، شوێنەوارەکانی بە روونی لەسەر ژیانیان دەرکەوت؛ ئەمەش بەدوو رووداو (ئەرێنیی و نەرێنیی) رووە ئەرێنییەکەی ئەوە بوو ژنانی لە کۆت و بەندی نێو ماڵەکان رزگارکرد ، چونکە سرووشتی کار پێویستیی بە بوونی ئەم ژنانە هەبوو لە نێو کارگەکان بەتایبەتی دوای ئەوەی چیتر کار پێویستی بەهێزی بازوو نەبوو، بەڵکو لەرێگەی ئامێرەکانەوە دەکرا، جگە لەوەی هەندێک کاری وردەکاریی هەبوو پێویستی بەدەست و پەنجەی بچووک هەبوو، لێرەوە ژنان هاتنە دەرەوەی ماڵ و کاریاندەکرد و داهاتیان بەدەستهێنا و، ئەم کارەش پێویستی بە برێک لە خوێندەواری هەبوو بۆیە ناچار بوون بخوێنن.

لێرەوە نەک تەنها سەربەخۆ بون لە رووی ئابووری بەڵکو خوێندەوار و رۆشنبیربوون، وردە وردە هەستیان بەو ستەمکاریی و چەوساندنەوانە دەکرد کە بەرامبەریان دەکرا، چ لەبواری تایبەتی نێو خێزان و چ لەبواری گشتیی نێو کۆمەڵگا و بەتایبەتیش لە شوێنی کار، ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوە فیمینستییەکان کە زیاتر هەوڵیاندا بۆ دەستەبەرکردنی زۆرێک لە مافە سیاسیی و مەدەنییەکان بۆ ژن، بەڵام مەخابن لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانە و لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا ژنان توانیوویانە زۆرێک لە مافەکانیان بەدەستبهێنن، بەڵام جیاکاریی و توندوتیژییەکان لەبەرامبەریان هەر بەردەوامە و چەندین وێنە و فۆرمی جیاواز لە خۆدەگرێت و، لەنێویدا دیاردەی (بنمیچی شوشەیی لە کاردا).

هەرچەندە لەم سەردەمەی ئێستادا، ژنانێکی زۆر لە سەرجەم بوارەکان بێ جیاوازی کاردەکەن، بەڵام رێژەیەکی زۆر کەمیان دەتوانن بگەنە پۆستە باڵا کارگێڕیەکان و پێگەکانی بڕیاردان؛ لێرەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە (ئایا دیاردەی بنمیچی شوشەیی لەکاردا بوونی هەیە ؟ ئەگەر بوونی هەیە هۆکارکانی چیە؟ ئەم دیاردەیە چۆن کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەدای ژن لە کاردا؟).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە خودی بابەتەکە، کە بابەتێکی نوێیە و بە پێی زانیاریی توێژەر، توێژینەوەی لەسەر نەکراوە لە هەرێمی کوردستان دا، بۆیە دەبێتە سەرنانێکی (اضافة) زانستیی بۆ کتێبخانەی کوردیی بە گشتیی و، توێژینەوەکان لەبواری جێندەر و ژن بەتایبەتیی، لەرێگەی خستنەرووی کۆمەڵێک داتا

و زانیاریـی و سـەرچاوەی زانسـتیی سـەبارەت بـە شـیکردنەوە و راڤەکردنـی ئـەو بەربەسـتە نەبینراوانـەی رێگـە لـە ژن دەگـرن لـە گەیشـتن بـە پۆسـتە بـاڵاکان و کاریگەریـی لەسـەر ئەدایـان ئەمـەش بێگومـان سـوودی دەبێـت بـۆ خـودی ژن خۆیـان لـە لایـەک، کـە بتوانـن ئـەم بەربەسـتانە بناسـن و رووبـەڕووی ببنـەوە، لـە لایەکـی تریـش لایەنـە پەیوەندییـدارەکان دەتوانـن سـوود لـە دەرئەنجـام و پێشـنیارەکانی ئـەم توێژینەوەیـە وەربگـرن لە داڕشـتنی سیاسـەت و یاسـا و رێسـای تایبەتـی بـەکار، بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی دیـاردەی بنمیچـی شووشـەیی بـە مەبەسـتی زیاتر خسـتنەگەڕی تواناکانـی ژنـان و سـوود وەرگرتنـی زیاتـر لـە بەرهەمیرەنـج و ماندووبوونـی نیـوە پشـتگوێخراوەکەی کۆمەڵگـە.

هەندێ لە ئامانجی گشتیی و لاوەکیی تری توێژیینەوەکش بریتیین لە:

١- ناسـاندنی هۆکارەکانـی درووسـتبوونی دیـاردەی بنمیچـی شوشـەیی لـەکاردا و کاریگەریـو لەسـەر ئـەدای ژنانـی نێـو کایـەی سیاسـوی لـە پەیوەنـدی بـە بگۆڕەکانـی (المتغیـرات) (تەمـەن – بـاری خێزانیـی – ئاسـتی خوێندەواریـی).

٢- خسـتنەڕووی ئـەو رێگریانـەی دێنـە بـەردەم ئامادەبوونـی ژنـان لـە گەیشـتنیان بـە پۆسـتە بـاڵاکان لـە رووی سیاسـیەوە، بەپێـی بگۆڕەکانـی ( تەمـەن – بـاری خێزانییـی – ئاسـتی خوێندەواریـی).

٣- دەرخسـتنی کاریگەریـی دیـاردەی بنمیچـی شوشـەیی لەسـەر ئـەدای ژن لـە کاری سیاسـییدا لـە پەیوەندیـی بـە بگۆڕەکانـی (تەمـەن – بـاری خێزانیـی– ئاسـتی خوێندەواریـی).

٤- گەیشـتن بـە میکانیزمـی رووبەڕووبوونـەوەی دیـاردەی بنمیچـی شوشـەیی لـەکاری سیاسـییدا لـە پەیوەنـدی بـە بگـۆڕی (تەمـەن – بـاری خێزانیـی – ئاسـتی خوێندەواریـی).

## توێژینەوە هاوشێوەکان:

### توێژنەوە بیانیەکان کە توێژیینەوە عەرەبیی و رۆژئاواییەکان دەگرنەوە:

یەکـەم/ سـهام و طیـب ، مـا وراء السـقف الزجاجـي؟ خلفیـات نظریـة ومعطیـات إمبریقیـة ـ دراسـة تحلیلیـة نقدیـةـ ٢٠٢١(١٠).

ئامانجـی سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە، هەوڵدانـە بۆ خسـتنەڕووی پاشـخانە مێژوویيەکەی دیـاردەی بنمیچی شووشـەیی و، دەرخسـتنی ئـەو بەربەسـتە رێکخراوەییـە نادیارانـە کـە لەسـەر بنەمـای جـۆری کۆمەڵایەتیـر دروسـتدەکرێت لـە شـوێنی کاردا. ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی وەسـفیی شـیکارییە و هەڵسـاوە بـە راڤەکردنـی ژمارەیـەک توێژینـەوەی پێشـوو لەسـەر ئـەم بابەتـە. لەگرنگتریـن دەرئەنجامەکانـی: (بنمیچـی شوشـەیی) دیاردەیەکـی جیهانییـە لـە تـەواوی کۆمەڵـگەکان بـە پێشکەوتووەکانیشـەوە بوونـی هەیـە و بەرامبـەر بـە مێینـە پیادەدەکرێـت و، بەهەزارەهـا ساڵە لـە هـزری رۆژئـاوا بوونـی هەبـووە و وەرگێـڕاوە بـۆ تێڕوانیـن و رەفتـار، کـە بـووە بـە هـۆکار بـۆ درووسـتبوونی هەسـتیاریی لەنێـوان هـەردوو رەگـەز لـە کاردا و ،سـەرئەنجام ناڕەزایـی پیشـەیی لێدروسـت دەبێـت.

دووەم/ عـون ، کـسر السـقف الزجاجـي : دراسـة ظواهریـة حـول القیـادات الاداریـة العلیـا النسـائیة في التعلیم السـعودي العـالي مقارنـة بالولایـات المتحدة الامریکیـة ،٢٠١٩(١١).

ئامانجـی سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە، هەوڵێکـە بـۆ تێگەشـتن لـەوەی چـۆن دەکرێـت ئـەو ژنانەی لـە پۆسـتە کارگێڕییە باڵاکانـدان لـە سـەرجەم دامەزراوەکانـی خوێندنـی بـاڵای سـعوودیە، بنمیچـی شوشـەیی تێکبشـکێنن بـە بـەراورد بـە هاوپیشـەکانیان لـە ئەمریـکا، لەگـەڵ هەبوونـی چەندیـن بەربەسـتی جیـاواز لـە پێشـیان ، لێرەدا توێـژەر پشتیبەسـتووە بـە بەکارهێنانـی میتـۆدی میکـس، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکـەی و هەڵسـاوە بـە شـیکردنەوەی (٩) توێژینـەوەی ئەمریکایـی لـەم رووەوە، هەروەهـا شـێوازی (دلفـا) ی بەکارهێنـاوە و لەگـەل ئەوەشـدا فۆرمـی راپرسـیی لـە (٨)

زانکۆی سعوودییە دابەشکردووە بەسەر (٣٢) مامۆستای هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا ، لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: دیاردەی بنمیچی شوشەیی هەبوونی هەیە لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە سعوودییە بەوپێیەی ژمارەی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا زۆر کەمن، لەگرنگترین سیماکانی ئەو ژنانەش کە لە پۆستی باڵادان (متمانەبەخۆ بوون ، توانای دروستکردنی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ هاوپیشەکانیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی، توانای خۆگونجاندن و پابەندبوونی پیشەییان هەیە، سەبارەت بەو میکانیزمانەی هاوکاربووە بۆ گەیشتنی ژنان بەم پۆستە بەپێی ئەم توێژینەوەیە، کەسانی ناسراو بوون و بەشدارییان زۆر بووە لەکار و چالاکیی و لیژنەکان و، توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاییان هەبووە لەگەڵ رەخساندنی بارودۆخی ئەرێنیی لە کاردا.

سێیەم/المسدي و اخرون ، آثر عوامل السقف الزجاجي لتولي المرأة المناصب القيادية على دافعيتها نحو العمل : بالتطبيق على المؤسسات الصحفية القومية بمصر ، ٢٠١٩(١٢).

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە؛ بریتیە لە پێوانەکردنی کاریگەریی بنمیچی شوشەیی لەسەر گەیشتنی ژنان بە پۆستی سەرکردایەتیی و پاڵنەرێتیی ژنان بۆ کارکردن، ئەم توێژینەوەیە پشتیبەستووە بە میتۆدی (هەڵێنجاندن -استنباط) و نموونەیەکی (٣٥٥) یەکەیی وەرگرتووە، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هەبوونی کاریگەرییەکی نەرێنیی ناڕاستەوخۆی ئەو رێگریانەیە، کە دێتە پێش ژنان لە گەیشتن بە پۆستە سەرکردایەتییەکان، لەسەر پاڵنەرێتیی ژنان بۆ کارکردن، لەگرنگترینیان رێگری کلتووریی ، دامەزراوەیی ، کۆمەڵایەتیی ، خودییە.

چوارەم:

Babic & Hansez, The Glass Ceiling for Women Managers: Antecedents and Consequences for Work-Family Interface and Well-Being at Work , ٢٠٢١(١٣).

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە؛ هەوڵدانە بۆ تێگەشتنێکی وردی دیاردەی بنمیچی شوشەیی لە رووی پاشخانی دیاردەکە و، شوێنەوارە نەرێنیە پێشبینیکراوەکانیەتی. توێژەران هەوڵیانداوە ئەو مۆدێلەی ((Elacqua et al. (٢٠٠٩ ) کە دایانهێناوە بەشێوەیەکی گشتگیرتر بەکاریبهێنن لە توێژینەوەکەیاندا، کە کلتووری جۆری کۆمەڵایەتییە بە هەموو فاکتەرە خودیی و ژینگەییەکانی تێهەڵکێشبکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەکی (٣٢٠) یەکەیان وەرگرتووە کە پێکهاتوون لەو ژنانەی لە پێگە کارگێڕییە باڵاکاندان لە وڵاتی بەلجیکادان. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەبوونی (ململانێ لە نێوان خێزان و کار) بەشێوەیەکی گشتیی و کاریگەریی دیاردەی بنمیچی شووشەیی لەسەر ماندووبوونی پیشەیی و بەشداریی پیشەییدا دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی نیمچەیی کاریگەریی بنمیچی شووشەیی لەسەر رەزامەندی پیشەیی و هەبوونی نیازی وازهێنان لەکاردا دەردەکەوێت.

پێنجەم:

Martínez-Fierro & Lechuga Sancho , Descriptive Elements and Conceptual Structure of Glass Ceiling Research , ٢٠٢١(١٤)

ئەم توێژینەوەیە باسی ئەوە دەکات، ژنان لەزۆربەی زۆری کۆمەڵگەکاندا نیوەی زیاتری دانیشتوان پێکدێنن، کە دەکرێت سەرچاوەیەکی مرۆیی باش بن بۆ بەرەوپێشچوونی زانستیی و کۆمەڵایەتیی و کلتووریی زۆرێک لە وڵاتەکان، بەڵام تەنها پێویستییان بەوە هەیە هانبدرێن و رێگەی پلە بەرزکردنەوەیان پێبدرێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە شیکار بۆ (٨٢٣) راپۆرت بکات کە لەسەر بابەتی بنمیچی شوشەیی نووسراون و لە گۆڤارە زانستیی و ئەکادیمیاییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش لە پێناوی پێشنیار ردنی شێوازی نوێی پێشبینیکراو بۆ توێژینەوەکردن

لەم بـوارەدا لـە داهاتـودا. لەگرنگتریـن دەرئەنجامـەکان: هەتـا ئێسـتا لـە زۆرێـک لـە دامەزراوەکانـدا بەربەسـت هەیـە لەپێـش کەمینـەکان و ژنـان، کـە ڕێگەیـان لێدەگیرێـت لـە پیادەکردنـی ژیانـی سرووشـتیی پیشـەییان و، گەیشـتن بـە پۆسـتە بـاڵاکان لـە کاردا. هەروەهـا ئـەم توێژینەوەیـە باسـی گرنگیـی ئەدەبیاتـەکان دەکات لەبـارەی بنمیچـی شوشـەیی و داهاتـوی دیاردەکـەوە.

شەشەم:

Amon, Looking through the Glass Ceiling: A Qualitative Study of STEM Women's Career Narratives (٢٠١٧)(١٥) .

ئـەم توێژینەوەیـە بـاس لـەوە دەکات، لەگـەڵ ئـەوەی هەوڵـەکان بەردەوامـە بـۆ زیادکردنـی ڕێـژەی ژنـان لـە بوارەکانـی وەک (زانسـتی تەکنەلۆژیـا و ئەندازیاریـی و بیرکاریـی) کـە بوارگەلێکـی پیاوانەسرووشـتن، بـەڵام توێژینـەوەی کـەم کراوە لـەم بارەیـەوە بـۆ دەرخسـتنی تێڕوانینـی ژنـان بەرامبـەر کارکـردن لـە بوارێـک کـە پیـاو تێیـدا زاڵـە. ئـەم توێژینەوەیـە پشتیبەسـتووە بـە شـێوازی Photovoice کـە شـێوازێکی توێژینـەوەی بەشـدارییپێکردنە بـۆ دەستنیشـانکردنی ئەزموونـی ئـەو ژنانـەی لـە بوارێکـدا کاردەکـەن کـە پیـاو تێیـدا باڵادەسـتە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پشتبەسـتراوە بـە نموونەیەکـی (٤٦) یەکەیـی کـە لـەو ژنانـە پێکدێـن کـە دەرچـووی کۆلێژەکانـی (تەکنەلۆژیـا و ئەندازیاریـی و بیرکارییـن) لـە ڕێگـەی ئـەم شـێوازەوە کـە گێڕانەوەیـە باسـیان لـە ئەزموونـی سـەرکردایەتیی خۆیـان کـردوە لـەم بوارانـەدا. لەگرنگتریـن دەرئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە بـەو پێیـەی ئـەم ژنانـە ئاماژەیـان پێکـردووە ئەوەیـە؛ لەگـەڵ ئـەوەی لـە پۆسـتی بـاڵادا بـوون بـەڵام دانیـان پێـدا نەنـراوە لەلایـەن پیاوانـە و بـاوەڕ بـە تواناکانیـان نەکـراوە، بۆیـە هەوڵیانـداوە پەیوەندیـی ئەرێنیـی دروسـتبکەن لەگـەڵ هاوپیشـە پیاوەکانیـان هەتـا باوەڕیـان پێبهێنـن، ئەمـەش پێویسـتیی بـە هـەوڵ و ماندووبـوون و کاتـی زۆر هەبـووە و ناچاربـوون چەندیـن ڕۆڵ ببینـن، بـەڵام بەهـۆی توانایـان بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی لـە نێـوان ژیانـی تایبەتیـی و ژیانـی کار، هەسـتیان بـە خۆشـحاڵیی و زاڵبـوون بەسـەر کارەکەیانـدا کـردووە.

گفتوگۆکردنی توێژینەوە هاوشێوەکان:

بەگشـتیی، تاکـە خاڵـی هاوبـەش کـە ئـەم توێژینەوەیـە لەگـەڵ توێژینەوەکانـی پێشـوو کۆدەکاتـەوە؛ هەموویـان بایەخـدەدەن بـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر بابەتێکـی گرنگـی سـەردەمییانەکە پێیدەڵێـن (بنمیچـی شوشـەیی)، ئـەوەش لـە ڕێگـەی دەرخسـتنی ئـەو بەربەسـتە شـاراوانەی بـۆ ژنـان دروسـتدەکرێن لـەکاردا و، ڕێگەیـان پێنـادات بگەنـە پۆسـتە بـاڵاکان. بـەڵام بێگومـان هەریـەک لـەم توێژینەوانـە گرنگیـی بـەم بابەتـە دەدات لـە گۆشـەنیگای جیـاواز و لەسـەر نموونـەی جیـاواز، بەمـەش خاڵـی جیـاوازی نێـوان ئـەم توێژینەوەیـە لەگـەڵ توێژینەوەکانـی پێشـوو درووسـتدەبێت. بـۆ نموونـە، لەکاتێکـدا ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵـدەدات ڕاڤـەی ئـەم دیاردەیـە بـکات لای ژنانـی نێـو پارتـە سیاسـییەکان، بـەڵام توێژینەوەکـەی (عـون) باسـی ئـەم دیاردەیـە دەکات لای ژنانـی نێـو دامەزراوەکانـی خوێندنی بـاڵا. توێژینەوەکەی (المسـدی) کێشـەی ئـەم دیاردەیـە لای ژنانـی ڕۆژنامەنـووس دەخاتـەڕوو. توێژینەوەکـەی (Babic & Hansez) لێکۆڵینەوەیـە لەسـەر ئـەم دیاردەیـە لـە دییـد و بۆچوونـی ئـەو ژنانـەی لـە پلـەی بـاڵای کارگێڕییـدان. توێژینەوەکـەی (Amon) ئـەم دیاردەیـە شـیدەکاتەوە لای ئـەو ژنانـەی لەبـوارە پیاوانەکانـی وەک (تەکنەلۆژیـا ، ئەندازیاریـی ، بیرکاریـی) کاردەکـەن.

جگـە لـەوەی هەریـەک لـەم توێژینەوانـە لـە وڵاتێـک و کلتوورێکـی جیـاواز بەجێهێنـراون، میتـۆدی توێژینەوەکانیـش جیـاوازن، بـۆ نموونـە سـەرجەم ئـەو توێژینەوانـەی ئاماژەیـان پێکـرا، پشتیانبەسـتووە بە میتـۆدی چەندێتیی یـان تێکەڵاو (میکـس) بـەڵام توێژینەوەکـەی (سـهام و طیـب) لەگـەڵ (Martínez-Fierro & Lechuga Sancho) پشتیانبەسـوتووە

بـە میتـۆدی چۆنیەتیـی و هەوڵیانـداوە لـە ڕێگـە شـێکردنەوەی ئـەو ڕاپۆرتانـەی لەسـەر ئـەم دیاردەیـە نـوسراوون لـە پاشـخانەکەی تێبگـەن، لەسـەر ئـەم بنەمایـە ئامانجـی توێژینـەوەکان و دەرئەنجامەکانیشـیان جیـاوازن هـەروەک ئاماژەیـان پێکـراوە.

## پێناسەکردنی چەمک و زاراوەکانی ئەم توێژینەوەیە

١/ بنمیچـی شوشـەیی (The Glass Ceiling) : لـە ڕووی زاراوە وە، وشـەیەکی وەرگێـراوە و بەپێـی سـەرچاوەکان گفتوگۆکـردن لەبـارەی ئـەم چەمکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٩٧٨)، کـە هاوشـانە لەگـەڵ گوتـاری یەکێتیـی ژنانـی کارکـەری جیهانیـی، بـەڵام بـۆ یەکەمجـار ئـەم وشـەیە لەلایـەن (کاثریـن لاورانـس Katherine Lawrence و ماریانـا سـشریبرMaryanne Schreiber ) بەڕێوەبـەری کۆمپانیـای (Hewlett – Packard) داڕێـژراوە و هاتۆتەکایـەوە لەسـاڵی (١٩٧٩)، کاتێـک کـە گفتوگۆیاندەکـرد لەبـارەی سیاسـەتی پلـە بەرزکردنـەوە لـە کۆمپانیاکەیانـدا، پاشـان لـە سـاڵی (١٩٨٤) دووبـارە لـە ڕاپۆرتێکـی سەرنووسـەری گۆڤـاری ژنانـی کارکەر لەلایـەن (جـای بریانـتGay Bryant ) بەکارهات، بـەڵام زیاتـر لـە سـاڵی (١٩٨٦) ئـەم وشـەیە زۆر بـە بەرفراوانیـی بڵاوبـووەوە بەتایبـەت لـە دوای ئـەوەی هەریـەک لـە (کارۆل هایمۆتـز Carol Hymowitz و تیمۆثـی سـکیلهارت Timothy Schelhardt) لـە ڕاپۆرتەکەیـان لـە گۆڤـاری (واڵ سـتریت Wall Street) ی ئەمریکایـی بەکاریانهێنـا بـۆ وەسـفکردنی ئـەو بەربەسـتە نادیارانـەی کـە دێتـە پێـش ئـەو ژنانـەی نزیکدەبنـەوە لـە لوتکـەی هەرەمـی پیشـەیی لـە کۆمپانیـا ئەمریکاییـەکان و، دەبێتـە ڕێگـر لەبەردەمیـان و، وادەکات کـە نەتوانـن بگەنـە پۆسـتە بـاڵاکان(١).

لـە ڕووی چەمکـەوە (دایڤیـد ویلسـون) پێناسـەیدەکات؛ بـەوەی بەربەسـتێکی نەبیـنراوە کـە ڕێگریـدەکات لەبەرەوپێشـچونی پیشـەیی ژنـان و کەمینـەکان لـە ڕێکخراوەکانـی کاردا و، ڕێگەنـادات بگەنـە پۆسـتە بـاڵاکان، ئەمـەش کاریگەریـی نەرێنیـی دەبێـت لەسـەر ڕێکخراوەکـە و دەبێتـە هـۆی بێبەشـبوونیان لـە ئەزمـوون و وزەی ئـەم کەسـانە کـە زۆرجـار تایبەتمەنـدن (٢)، مانـای ئەوەیـە هەبوونـی ئـەم دیاردەیـە بـە تەنهـا کاریگەریـی خراپیـی نابێـت لەسـەر گەیشـتنی ژن بـە پۆسـتی بـاڵای کارگێڕیـی، کـە مافێکـی سرووشـتیی خۆیانـە وەک مرۆڤێـک، بەڵکـو دامەزراوەکـە لـە توانـا و بەرهەمـی بەشـێکی سـەرچاوە مرۆییـەکان بێبەریـی دەکات.

هەروەهـا (دیڤیـد کوتـر و هاوڕێکانـی) پێیانوایـە؛ دیاردەیەکـە پەیوەسـتە بـە ڕەگـەزی مـرۆڤ و لەسـەر ئـەم بنەمایـە ژنـان و کەمینـەکان کۆمەڵێـک بەربەسـتی شوشـەیی لـە پێـش ژیانـی پیشـەییان دروسـتدەکرێت و ڕێگەی پێشـکەوتنیان لێدەگیرێـت(٣)، کەواتـە بـە بۆچوونـی کوتـر ئـەم دیاردەیـە تـەواو وابەسـتەیە بـە ڕەگـەزی مـرۆڤ و، تەنهـا لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز ڕێگـەی گەیشـتن بـە لوتکـەی هەرەمـی پیشـەیی دەگیرێـت.

لەلایەکـی تـرەوە (کۆڵینـس ٢٠٠٣ Collins) پێناسـەیدەکات؛ بەربەسـتێکە ڕێگریـی لـە ژنـان دەکات لـە پێشـکەوتنی پیشـەیی (٤)، ( کۆڵنـس) بەهەمـان شـێوە جەختدەکاتـە سـەر ئـەوەی کـە بەتەنهـا هەبوونـی مـرۆڤ لـە ڕەگەزێکـی دیاریکـراو لـە کاردا، بەسـە بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە ڕێگـر لـە پێشـکەوتنی پیشـەیی.

بـەڵام (کاتـی سـێر ٢٠٠٨ ) پێناسـەیدەکات؛ بریتییـە لـە جیاکاریـی جێندەریـی لـە شـوێنی کار، کـە دەبێـت بـە ڕێگـر لـە پێـش ژنانـدا بـۆ گەیشـتن بـە پۆسـتی بـاڵای کارگێڕیـی و ئاسـتێکی پێشـکەوتوو لـە ژیانـی پیشـەییاندا (٥)، بەپێـی بۆچوونـی (سـێر) کـە لـە (سـهام و سـمیرة ، موفـق و هیـشر (٢٠١٥)) دا هاتـووە ئامـاژەدەدات کـە لـە کاردا، ژنـان ڕووبـەڕووی زۆر جـۆر لـە توندوتیژیـی و جیاکاریـی دەبنـەوە لەبـەر ژنبوونیـان؛ ئـەم دیاردەیـەش (بنمیچـی شوشـەیی) کـۆی گشـتیی ئـەو جیاکارییانەیـە، بـەڵام بـە شـێوازێکی شـاراوە و پەردەپۆشـکراوانە وادەکات ژن نەتوانێـت بگاتـە

لوتکـەی کار.

ڕێکخـراوی کاری نێودەوڵەتیـی پێناسـەکەی بەمجۆرەیـە: بەربەسـتێکی درووسـتکراوە بـە بەرهەمـی بیروبـاوەڕی کەسـیی و دامەزراوەیـی پێـش وەختانەیـە، کـە ڕێگەدەگرێـت لـە ژن بـۆ گەیشـتن بـە پێگـە بـاڵا جێبەجێکارییـەکان (٦). کەواتـە بـە بۆچوونـی ڕێکخـراوی کاری نێـو دەوڵەتیـی ئـەم بەربەسـتانە دروسـتکراوێکی کۆمەڵایەتییـە و هیـچ پەیوەندییەکـی بـە توانـا و لێهاتوویـی تـاک نیـە، تەنهـا ئەوەنـدە بەسـە ئـەو کەسـە ژن بێـت و لەسـەر بنەمـای ڕەگەزەکـەی ڕێگریـی لێدەکرێـت بـۆ گەیشـتن بـە پۆسـتی بـاڵای پیشـەیی.

پێناسـەی تیـۆری بـۆ (بنمیچـی شوشـەیی): جۆرێکـی جیاکاریـی جێندەرییـە ڕووبـەڕووی ژنـان دەبێتـەوە لـە شـوێنی کاردا و، خـۆی دەبینێتـەوە لـە کۆمەڵێـک ڕێگریـی شـاراوە کـە لـە بەردەمـی ژن دا درووسـتدەکرێت و ناهێڵێـت بگەنـە پۆسـت و پلـە بـاڵاکان، بەمـەش بێبـەش دەبـن لـە هەمـوو ئـەو جیاوکانـەی (امتیـازات) انـەی بەهـۆی ئـەو پۆسـتەوە دەسـتیاندەکەوێت.

پێناسـەی ڕێکاریـی بـۆ ئـەم چەمکـە: مەبەسـت لـە بنمیچـی شوشـەیی لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەو بەربەسـتانەیە ڕێگریـی لـە ژنانـی نێـو پارتـە سیاسـیەکان دەکات لـە بەشـداریی سیاسـیی و گەیشـتن بـە پێگەکانـی بڕیـار.

٢/ ئەدا:

هەندێـک وەهـا پێناسـەیدەکەن کـە لـە دەرئەنجامـی ڕەفتـاری تاکەوەیـە ، کـە دەبێـت بـە هـۆکار بـۆ هێنانەدیـی ئامانجـی ڕێکخراوەکـە لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی ئەوسـەرچاوانەی بەردەسـتن (٧).

یـان دەوترێـت، کارلێکـی نێـوان ڕەفتـار و جێبەجێکردنـە، یـان کـۆی گشـتیی ڕەفتـار و دەرئەنجامەکەیەتـی بـەو پێیـەی ناتوانرێـت ڕەفتـار و دەرئەنجامـی ڕەفتـار لەیەکتریـی جیابکرێتـەوە (٨).

بەهەمـان شـێوە پێناسـەدەکرێت بـەوەی کارلێکـی نێـوان ڕەفتـار و جێبەجێکردنـە بـە مەبەسـتی بەرهەمهێنانـی (دەردراوە- المخرجـات) بەنرخـەکان و، هۆکارێکـی گرنگـە بـۆ مانـەوە و بەردەوامبوونـی کارێـک لەسـەر ئاسـتی تاکەکەسـیی و ڕێکخراوەیـی لەچوارچێـوەی پـلان و داواکاریـی هـەردوولا (٩).

پێناسـەی تیۆریـی بـۆ ئـەدا؛ لـە دەرئەنجامـی هـەوڵ و ماندووبوونەکانـی کارکـەر لـە پێنـاوی هێنانەدیـی ئامانجـە خودییـەکان و ئامانجـە گشـتییەکانی دامەزراوەکـە و کاریگەریـی هەیـە لەسـەر ئاسـتی بەرهـەم و کارەکـە.

پێناسەی ڕێکاریی بۆ ئەدا، بریتیە لە ئەدای ژنانی نێو پارتە سیاسییەکان.

١/ دیاردەی بنمیچی شوشەیی:

ژن بـە سـەرچاوەی سـەرەکیی درووسـتبوونی مـرۆڤ و مرۆڤایەتـی دادەنرێت و، ڕۆڵـی باڵا دەگێڕێت لەبەرەوپێشـچوونی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـی، بێگومـان ئەگـەر بـواری بدرێـت بخوێنـێ و بڕوانامـەی بـەرز بەدەسـتبهێنێت و کاربـکات و کـۆی مافەکانـی هاوشـێوەی ڕەگـەزی بەرامبـەر کـە پیـاوە بەدەسـتبهێنێت. ئەمـە مافێکـی سرووشـتیی خۆیەتـی هـەروەک لەمـادەی (٢٣) ی جاڕنامـەی جیهانیـی مافەکانـی مرۆڤـدا هاتـووە (هەمـوو کەسـێک بـەدەر لـەوەی چ ڕەگەزێکـە، مافـی خۆیەتـی کاربـکات و بـە ئازادانـە ئـەو کارە هەڵبژێرێـت، دەبێـت هەلومەرجێکـی دادپەروەرانـە بـۆ کارکردنـی بخوڵقێنرێـت و پشـتگیریی لێبکرێـت لەدەسـت بێکاریـی، هەمـوو کەسـێک مافـی ئـەوەی هەیـە لەبەرامبـەر کاری وەک یـەک هەقدەسـتی وەک یـەک وەربگرێـت) (١٦)، هەروەهـا لـە دوای دووەم جەنگـی جیهانیـی، نەتـەوە یەکگرتـووەکان بایەخێکـی گرنـگ و تایبەتیـی داوە بـە پارێزگاریـی لـە مافـی ژن لـە شـوێنی کاردا، بەوپێیـەی لـە دووەم جەنگـی جیهانیـی پیاوانێکـی زۆر چـوون بـۆ بەرەکانـی جەنـگ و بـە لێشـاو دەبوونـە کـوژراو و برینـدار و کـەم ئەندامی جەنـگ، بـەڵام ژیـان هـەر بـەردەوام بـوو لـە نەبوونـی پیـاوان و ژنـان هاتنـەدەرەوەی لـە مـاڵ و چونـە سـەرکار و،

توانیـان زۆر بەباشـی هەبوونـی خۆیـان بسـەلمێنن و، ڕۆڵـی باڵایـان گێـڕاوە لـە هەسـتانەوەی ئـەو کۆمەڵگایانـەی کـە جەنـگ کاولـی کردبـوو. لێـرەوە دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی ژن لـە کاردا بـوو بـە پێشـەنگی کارەکانـی ڕێکخـراوی کاری نێودەوڵەتیـی کـە لـە سـاڵی (١٩١٩) دامـەزرا بـوو بـۆ داکۆکییکـردن لـە مافـی کرێـکاران لەسەرتاسـەری وڵاتانـی جیهانـدا، بۆیـە بـە پێـی ڕێکەوتنامـەی ژمـارە (١٠٠) ی سـاڵی (١٩٥١) تایبـەت بەدەسـتەبەرکردنی یەکسانیی جێندەریـی لـە داهـات، ڕێکەوتنامـەی ژمـارە (١١١) ی سـاڵی (١٩٥٨) تایبـەت بـە نەهێشـتنی جیاکاریـی جێندەریـی لـە کاردا و، زۆرێکیـتر لـەو ڕێکەوتنامانـەی ڕێکخـراوی کاری نێودەوڵەتیـر بەجێێهێنـاوە بـۆ پارێزگارییکـردن لـە مافـی ژن و دایـک لـە کاردا، بـە مەبەسـتی خێراکردنـی پرۆسـەی گەشـەپێدانی ئابووریـی لـە وڵاتـە دواکەوتـووەکان و، بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ئابووریيـان و زاڵبـوون بەسـەر بێکارییـدا بەتایبـەت لای ژنـان. بـە کـۆی گشـتییان جەختدەکـەن لەسـەر دەسـتەبەرکردنی یەکسانیی و دادپەروەریـی جێندەریـی لەنێـوان ڕەگـەزی نێـر و مـێ، لەوانـە: ئازادیـی لـە هەڵبژاردنی کار و ڕەخسـاندنی بوارێـک بـۆ تـاک کـە کارێـک هەڵبژێرێـت بگونجێـت لەگـەڵ هێـز و تواناکانـی، هەروەهـا یەکسـانیی لـە داهـات و قەرەبووکردنـەوە و بەدەسـتهێنانی (امتیـازات – جیاوکاریـەکان) و تەنانـەت لـە پلـە بەرزکردنـەوە و گەیشـتن بـە پۆسـت و بـاڵا کارگێڕیـەکان (١٧). لێـرەوە دەردەکەوێـت لـە تـەواوی سـەردەمەکان و لـە سـەرجەم کۆمەڵگەکانـدا، ژن هەمیشـە بـە هـۆی لاوازیـی جەسـتەیی بـە بـەراورد بـە پیـاو، زۆرجـار بـە چاوێکـی کـەم تەماشـاکراوە ئەگـەر چیـی شـێوازی بەجێهێنانـی کارەکان گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، ڕاسـتە لـە سـەرەتای مرۆڤایەتیـی و لـە سـەردەمی ڕاوشـکار و کشـتوکاڵیی، کارەکان پێویسـتییان بـە هێـزی بـازوو و جەسـتە هەبـووە، بـەڵام لـەدوای شۆڕشـی پیشەسـازیی، ئامێـر جێـگای دەسـتیکاری گرتـەوە و کارەکان چیـتر پێویسـتییان بـە هێـزی جەسـتە نەبـوو، بەڵکـو بـە تەنهـا کرتەیـەک (کلیکێـک) هەمـوو کارەکـەی دەکـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕێگرتـن لـە ژنان بـۆ کارکـردن و هەبوونـی جیاکاریـی جێندەریی لـە کاردا و هەبوونـی بەربەسـتی نادیـار و شـاراوە لـە پێـش ژنـان لـە گەیشـتن بـە پۆسـتە بـاڵاکان هەربەردەوامـە، ئەمـەش بـووە بـە پاڵنەرێـک بـۆ ئـەوەی لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتیـی ئیشـی ڕاسـتیینە (جیدیـی) لەسـەر بکرێـت بەمەبەسـتی ڕووبەڕووبوونـەوەی.

١-ا/ هۆکارەکانی درووستبوونی بنمیچی شوشەیی لە کاردا:

بەگشـتیی دوو کۆمەڵـە هـۆکار دەبـن بـە هـۆکار بـۆ درووسـتبوونی بنمیچـی شوشـەیی، ئەوانیـش هـۆکارە خودییـەکان (مەبەسـت لێـی ئـەو هۆکارانەیـە کـە پەیوەسـتن بـە خـودی ژنـان خۆیانـەوە)، هـۆکارە ژینگەییـەکان (پەیوەسـتە بـە بارودۆخـی گشـتیی کۆمەڵگـە بەتایبـەت کاریگەریـی کلتووریـی نێرسـالاریی لـەم ڕووەوە و ژینگـەی کار و دامەزراوەکە).

## یەکەم / هۆکارە خودییەکان:

مەبەسـت لێـی ئـەو هۆکارانەیـە کـە پەیوەندییـدارە بـەو ڕەگـەزە بایۆلۆجییانـەی مرۆڤـەوە کـە پێـی لەدایکدەبێـت، کـە (مـێ) یـە و، هەمـوو ئـەو سـیفات و خەسـڵەتە کۆمەڵایەتیـی و دروسـتکراوانەی کلتـووری کۆمەڵـگە دەیداتـە پـاڵ ڕەگەزەکـەی. ئەمانـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ دەبێتـە درووسـتبوونی بەربەسـتێکی خەیاڵیـی و درووسـتکراو لـە پێـش خـودی ژنەکـە، واتـە ژن خـۆی دەبێـت بـە ڕێگـر لـە پێـش خـودی خـۆی بـۆ گەیشـتنی بـە پۆسـتی بـاڵا، بەمانایەکـی تـر ئـەو ژنـە خـۆی دەبێـت بـە درووسـتکەری بنمیچـی شوشـەیی ئەمـەش پەیوەندییـدارە بـە (سـتریۆتایپی جێندەریـی) (١٨)کـە شوناسـی جێندەریـی بـۆ تـاک درووسـتدەکات.

لـە سـتریۆتایپی جێنـدەری هەمـان پرۆسـە دوبـارە دەبێتـەوە بـەڵام بەشـێوەیەکی کەمێـک جیـاواز بەوپێیـەی لـە کلتوری نێرسـالاریی، دوو قاڵـب هەبوونـی هەیـە وەک (الیزابێـث جینـوی) ئامـاژەی ێکـردووە. تەنانـەت پێـش لەدایکبوونـی

مرۆڤـەکان دانـراوە و دوو وێنـە لەخۆدەگرێـت بـۆ هەریـەک لـە رەگـەزی نێـر و مـێ (١٩)، هەریـەک لـەم وێنانـە کـۆی سـیفات و خەسـڵەت و شـێوای ژیانکـردن و تەنانـەت رەفتـار و هەڵسـوکەت و ڕێگەپێـدراو و قەدەغەکـراو و شـوێن و پێگـە و پەیوەندییەکانـی کەسـەکە دیاردەکرێـت، واتـە بـەر لەدایکبوونـی منداڵەکـە بـە تەنهـا زانینـی رەگەزەکـەی، دەتوانرێـت پێشـبینیی بەداهاتـووی بکرێـت لـە ڕێگـەی گەڕانـەوە بـۆ ئـەو قاڵبـە و ئـەو وێنەیـە، کاتێکیـش مرۆڤـەکان لەدایکدەبـن هەمـوو کەناڵەکانـی پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتیـی بـە (خێـزان – خوێندنـگا – راگەیانـدن ....هتـد) کاردەکـەن بـۆ لـە قاڵبدانـی ئـەو منداڵـە بـەو وێنەیـەی لەگـەڵ رەگەزەکـەی دەگونجێـت هەتـا ببێـت بـە کەسـێکی قبوڵکـراو لـە کۆمەڵگـەدا، هەرئەوەنـدەش نـا بەڵکـو (سـاندرا بیـم) پێیوایـە ئـەو کاتـەی مـرۆڤ دەگاتـە تەمەنێـک، دەتوانێـت خـۆی دەستنیشـانبکات لـەوەی سـەر بـە چ رەگەزێکـە، ئـەو کاتـە هـەر خـۆی دەگەڕێـت بـەدوای ئـەو سـیفاتانەی کـە تایبەتـە بـە رەگەزەکـەی و هەوڵـدەدات پیادەیانبـکات. لێـرەوە، ئـەو وێنەیـەی کۆمەڵگـە بـۆ رەگەزەکـەی دەستنیشـانیکردووە لـە مێشـک و زەینیـان جێگیردەکرێـت و، دواتـر تێڕوانینیـان بەرانبـەر بـە خۆیـان و رەگـەزی بەرامبـەر لا دروسـتدەبێت و، هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـە مامەڵـە لەگـەڵ خۆیـان و بەرامبـەر دەکـەن .(٢٠)

ئەمـەش دەگونجێـت لەگـەڵ بۆچوونـی (جـۆرج هربـرت میـد ) کـە پێیوایـە کۆمەڵگـە وەک ئاوێنەیەکـە مـرۆڤ لـە چاوی ئەوانیـتر خـۆی دەبینێـت و، لەسـەر ئـەو بنەمایـە بڕیـار لەسـەر خـۆی دەدات، دواتـر هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەش رەفتـاردەکات(٢١) بۆیـە کاتێـک وێنەکـە وا لـە ژن تێدەگەیەنێـت کـە کەسـێکی شـەرمن و، لاواز و، بێدەسـەڵات و، ملکـەچ و، پاشـکۆ و، کـەم عەقڵـە و، توانـای بڕیاردانـی نیـە و، بـۆ بەڕێوەبـردن و، ئاراسـتەکردنی ژیانـی پێویسـتیی بـە پیاوێـک هەیـە. ئیـتر، چـۆن بتوانێـت لەخـۆی راببینێـت کـە ببێـت بـە باڵادەسـت و بگاتـە پێگـەی بڕیـاردان. جگەلـەوەی هـەر ئـەم وێنەیـە، ژن وەک پارێـزەری شـەرەف و ناموسـی خێـزان دەبینێـت ئەمـەش وا لـە ژن دەکات زۆر جـار گەیشـتن بـە پۆسـتە بـاڵاکان رەت کاتـەوە هەتـا نەکەوێتـە بەرچـاو و دەم و، قسـەیەکی لەسـەر نەکرێـت لەسـەر ناموس و حەیـای خـۆی و خێزانەکـەی بکەوێـت.

(لیدنیڤـا و جوتـک ١٩٨١) پێیانوایـە؛ سـتریۆتایپی جێندەریـی تەنهـا کاریگەریـی لەسـەر درووسـتبوونی تێڕوانینـی نەرێنیـی ژن بەرامبـەر بەخـۆی نیـە، دواجـار ڕێگـەی لێبگرێـت لـە گەیشـتن بـە پۆسـتە بـاڵاکان بەڵکـو کاردەکاتـە سـەر تێڕوانینـی ئەوانـی تریـش بـۆ ئـەو ڕەگـەزە و بڕیارێکـی پێشـوەختە لەسـەری دروسـتدەبێت و گشـتگیردەکرێت، بەسـەر تـەواوی رەگەزەکـە و، سـەرئەنجام بەپێـی ئـەو بۆچوونـەی لەسـەر ئـەو رەگـەزە درووسـتیانکردووە، مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەن. لێـرەوە، ئـەو وێنەیـە دەگوێزرێتـەوە بـۆ نێـو کار و پیشـەکە، بۆیـە دەبینیـن لەنێـو کارەکان و تەنانـەت ڕێکخـراو و پارتـەکان، ڕێگـە لـە ژنـان دەگیرێـت لـە گەیشـتن بـە پۆسـتە بـاڵا کانـی کارگێڕیـی و سیاسـییەکان ،چونکـە لێیـان رانابینـن ئیدارەدانێکـی باشـبکەن بـۆ ئـەو کارە یـان بـۆ کۆمەڵگـە.(٢٢)

## دووەم/ هۆکارە ژینگەییەکان:

١. کلتـوور: (سـیلڤیا وێلبـی) باسـی کلتـووری نێرسـالاریی دەکات و چەنـد خەسـڵەتێکی دەستنیشـانکردووە بـۆ جیاکردنـەوەی ئـەم کلتـورە لەوانـە کۆبونـەوەی هێـز و دەسـەڵاتە لەدەسـت رەگەزێکـی دیاریکـراوی کۆمەڵگـە، کـە دواتـر بەکاریدەهێنێـت بـۆ ملکەچپێکردنـی رەگـەزی بەرامبـەر بەمـەش ئـەو رەگـەزە کـە نێـرە دەبێـت بـە باڵادەسـت و ئـەم باڵادەسـتبوونەی بـە زەبـری دەسـەڵاتی سیاسـیی و هێـزی پـارە و، بازرگانیـی و بـە یاسـا، کـە دەیـکات بـە پارێـزەر بەندیـی بـۆ خـۆی و، بـە ئاییـن پیـرۆزی ەکات و زیاتـر دەیچەسـپێنێت و دەیسـەپێنێت بەسـەر تـەواوی تاکەکانـی کۆمەڵگـە و، پیادەکردنـی دەکاتـە رۆتینـی ژیـان و دەبێـت بـە داب و نەریتێکـی سرووشـتیی کـە چییـتر تاکـەکان هەسـت

بـە هەبوونـی ناكـەن، واتـە وایلێدێـت سـتەم و چەوسـاندنەوە و نادادییـەكان كـە ئـەم كلتـوورە دروسـتیكردووە دەبێـت بـە ژیانێكـی ئاسـایی لای تـاك بـە نێـر و مێینـەوە. (٢٣)

بـەڵام زانـای كۆمەڵناسـی ئوسـترالی (ر.و. كۆنێـڵ) پێیوایـە تەنانـەت لـەم كلتوورەشـدا، هەمـوو دەسـەڵاتەكە لەدەسـت هەمـوو پیـاوەكان كۆنەبۆتـەوە، بەڵكـو هەرەمێـك هەیـە كـە دەسـەڵاتەكانی بەسـەردا دابەشـدەبێت. (كۆنێـڵ) دەڵێـت پیاوانـی بەتەمـەن، سیاسـەتمەدار، بـازرگان، پیـاوە ئاینییـەكان، ئەمانـە لـە لوتكـەی هەرەمەكـەدان، لـە پلـەی دواتـر كـۆی گشـتیی پیـاوان دێـن، لـە پلـەی خوارتـر ئـەو ژنانـە دێـن كـە بـە هـەر هۆكارێـك پێگەیەكـی بەرزتریـان مسـۆگەركردووە بـۆ نموونـە ؛ ڕەنگـە دایـك بێـت یـان ژنێكـی خاوەنـكار یـان سیاسـیی بێـت، دواجـار لـە بنكـی هەرەمەكـە كـۆی گشـتیی ژنـان دێـن، لێـرەدا (كۆنێـڵ) پێیوایـە دەسـەڵاتی بنەڕەتـی لای ئـەو پیاوانەیـە لـە لوتكـەی هەرەمەكـەدان و هـەر یاسایەك یـان سیاسـەتێك دادەڕێژرێـت، لـە لایـەن پیاوانـی پلـەی خوارتـر بـە هەمـوو جۆرێـك پارێـزگاری لێدەكرێـت، چونكـە لـە بەرژەوەنـدی ئەوانـە و ئـەم لوتكەیـە بـە تەواوەتـی لەلایـەن پیـاوان جلەوگیركـراوە و، بەهیـچ جۆرێـك ڕێگەنادرێـت ژنـان توخنـی بكـەون. ئـا لێـرەوە، بەربەسـتە نادیـارەكان كـە پێیاندەوترێـت (بنمیچـی شووشـەیی) بـۆ ژنـان درووسـتدەكرێت (٢٤) . بۆیـە، دەبینیـن لـەم جـۆرە كلتوورەدا  وەك (ماكـس ڤیبـر ) و تەنانـەت ( دۆركایـم ) یـش ئامـاژەی پێدەكـەن، كارەكان و ڕۆڵـەكان و بـوارەكان دابەشـدەكرێن بەسـەر ڕەگـەزی نێـر و مـێ و، ژن لـە نێـو بـواری تایبـەت كـە كاری ناومـاڵ و ڕۆڵـی دایـك و كەیبانـووی ماڵـە بەنددەكرێـت و، پیاویـش دەسـت بەسـەر بـواری گشـتیی و كاری دەرەوەی مـاڵ و ڕۆڵـی بەخێوكـەری خێـزان دەگرێتەئەسـتۆ. بـەم پێیـە، ژمـارەی ژنـان لـە كاردا بـە بـەراورد بـە پیـاوان كەمـترە و تەنانـەت كاریـش بكـەن ژمارەیـان لـە پۆسـتە بـاڵاكان زۆر لـەوان كەمـترە. (٢٥)

٢. ژینگەی كار و دامەزراوەكە:

 (مـوس كانـتر) لـە سـاڵی (١٩٧٧) توێژینەوەیەكـی كـرد لـە نێـو كۆمپانیـا ئەمریكاییـەكان بـۆ دەستنیشـانكردنی كاریگەریـی زۆرینـە و كەمینـەی ڕەگـەزەكان لـە كاردا لەسـەر درووسـتبوونی جیاكاریـی جێندەریـی. (كانـتر) پێیوایـە لەهـەر كارێـك ڕێـژەی ڕەگەزێكـی وەك ژن بـۆ نموونـە (١٥٪) و كەمـتر بێـت، ئـەوە مانـای ئەوەیـە ژنـان كەمینـەن لـەو كارە و پیـاوان زۆرینـەن و، چەنـد خەسـڵەتێكی دەستنیشـانكردووە بـۆ ئـەم كەمینەیـە لەوانـە ڕوونیـی. (كانـتر) پێیوایـە ژنـان بەهـۆی ئـەوەی كەمینـەن لـەو كارە، وادەكات هەمیشـە دیـار بـن و لەژێـر چاودێریـی زۆرینـەی پیـاوان بـن و، هەمـوو ڕەفتـار و هەڵسـوكەوتێكیان جووڵـە و قسـەكردنیان لەژێـر چاودێریدایـە و بـەردەوام وابەسـتە دەكرێنـەوە بـەو وێنـە بـاوەی كـە كلتـووری كۆمەڵگـە بـۆی دانابـوون و لەسـەر ئـەم بنەمایـە ڕەفتاریـان لەگـەڵ دەكـەن. لێـرەدا ژنـان دەبنـە دوو بـەرە، بەرەیەكیـان كەمینـەی نێـو ئـەو كەمینەیـەن كـە بەرهەڵسـتیی ئـەو جـۆرە مامەڵەیـە دەكـەن و قبووڵیناكـەن و ناچنـە ژێـر ركێفـی دەسـەڵاتی زۆرینـە كـە پیاوانـن، بـەڵام بەرەكـەی تـر كـە زۆرینـەی نێـو ئـەم كەمینەیـەن قبوڵیدەكـەن و دەبنـە پاشـكۆی پیـاوان و بەكاردەهێنرێـن بـۆ لێدان لەو كەمینـە ژنەی كە بەرهەڵسـتكارن. كەمینـەی ژنـان لـە هـەر كارێكـدا مایـەی خۆشـحاڵیی نیـن بـۆ زۆرینـەی پیـاوان، چونكـە دژایەتیـی بڕیارەكانیـان دەكـەن كـە بێگومـان لەبەرژەوەنـدی خۆیـان داپانرشـتووە، بۆیـە بـە پشتبەسـتن بـە وێنـە باوەكـە كـە كۆمەڵگـە داینـاوە بـۆ ژن، بـەردەوام بچووكیـان دەكەنـەوە یـان بـە تیشكخسـتنە سـەر شـێوەی ڕووخسـاریان بـۆ ڕازاندنـەوەی كارەكـە یـان پارتەكەیـان بەكاریدێنـن و، قسـە و قسـەڵۆكیان دوادەخـەن و سـەركەوتنەكانیان دەبەسـتنەوە بـە هەبوونـی پیاوێـك لەپشـتیانەوە بێـت، واتـە نایگەڕێنـەوە بـۆ زیرەكیـی و توانـا و لێهاتویـی ئـەو ژنـە لـەو كارەدا. ئـەوەش هەیـە كـە گێچەڵـی سێكسـییان پێدەكـەن و بێزاریاندەكـەن كێشـەیان بـۆ درووسـتدەكەن، هەتـا بـەوە ڕێگـری لـە پێشـكەوتنیان بگـرن لـە ڕووی پیشـەییەوە كەواتـە ڕێـژەی ژنـان لەكارێكـدا هۆكارێكـی تـرە بـۆ درووسـتبوونی بنمیچـی شوشـەیی(٢٦).

هۆکارێکـی تـر بـۆ دروسـتبونی بنمیچـی شوشـەیی بریتییـە، لـە ئـارەزووی کارکـردن (طمـوح). ( ڤێرمـان و هاوڕێکانـی) توێژینەوەیەکیـان کـردووە لەسـەر دەرخسـتنی پەیوەندیـی ڕەگـەز بـە ئـارەزووی (طمـوح) کارەوە. لـەم توێژینەوەیـەدا، نموونەیەکیـان وەرگـرت لـە ڕەگـەزی نێـر و مـێ لـە تەمەنـی (٢٠-٣٠) سـاڵییدا. بۆیـان دەرکـەوت لـەم تەمەنـەدا جیاوازیـی نییـە لـە نێـوان ڕەگـەزی نێـر و مـێ سـەبارەت بـە حـەز و ئارەزوویـان بـۆ کارکـردن و گەیشـتن بـە پۆسـت و پلـەی بـاڵا و بەدەسـتهێنانی داهاتـی زۆر، دوای ماوەیـەک هەمـان نموونەیـان وەرگرتـەوە لـە تەمەنـی (٣٠-٤٠) سـاڵییدا ، بۆیـان دەرکـەوت ئارەزووەکانیـان گـۆڕاوە واتـە ڕەگـەزی نێـر هەمـان ئارەزوویـان بـۆ کار و داهـات و پۆسـتی بـاڵا هەیـە، نـەک تەنهـا وەک خـۆی مابـوو بەڵکـو زیاتریـش بـوو بـوو، بـەڵام ڕەگـەزی مـێ ئـەو ئـارەزوو و گـوڕ و تینـەی پێشـوویان نەمابـوو بەڵکـو زیاتـر حەزیـان بـە درووسـتکردنی خێـزان و منـداڵ و سـەقامگیریی دەکـرد زیاتـر لـە کار و پیشـە، بۆیـە ئەمـەش ڕەنگـە هۆکارێـک بێـت بـۆ دوورکەوتنـەوەی ژن لـە پۆسـتی بـاڵا (٢٧).

(چارلـس و گروسـکی) پێیانوایـە دوو جـۆر دابەشـکردنی ڕەگەزیـی بـۆ کارەکان هـەن: ئەوانیـش سـتوونی و ئاسـۆیی، سـتوونی ئـەو کار و پیشـانەی پیـاو ئارەزوویـدەکات، بـەو پێیـەی کارێکـە داهاتـی زۆرە و پێگـەی کۆمەڵایەتیـی بـەرزە و جیاوکـی زۆرە و لـە لوتکەدایـە و، بەهەمـوو جۆرێـک ڕێگریدەکرێـت لـە ژنـان بـۆ گەیشـتن پێـی، بـەڵام ئاسـۆیی واتـە هێشـتنەوەی ژن لـە ڕۆڵ و کارە باوەکانـدا کـە بەرهەمهێنـەرەوەی وێنـە باوەکەیانـە لـە کۆمەڵگـەدا، ئەمـەش بـە مەبەسـتی دوورخسـتنەوەیان لـەو کارانـەی پیـاوان قۆرخیانکـردووە، کەواتـە دابەشـکردنی ڕەگەزیـی بـۆ کار هۆکارێکـی تـرە بـۆ درووسـتبوونی دیـاردەی بنمیچـی شوشـەیی (٢٨).

لەلایەکـی تـرەوە، هاندانـە کـە پاڵنەرێکـی دەرەکییـە وەک هۆکارێکـی تـری درووسـتبوونی دیـاردەی بنمیچـی شوشـەییە، بـە پێـی بۆچونـی تیـۆری یەکسـانیی و دادپەروەریـی کـە لـە لایـەن (ادمـز) لـە سـاڵی (١٩٦٥) هاتەکایـەوە، پوختـەی بۆچونەکـەی ئەوەیـە هـەرکات مـرۆڤ هەسـتی بـە دادپەروەریـی و یەکسـانیی کـرد لـەو شـوێن و بـوارەی کاری تیـادا دەکات، ئەمـەش دەرئەنجامـی بەراوردکردنـی هـەوڵ و ماندووبوونەکانـی بـە هاوپیشـەکانی، ئـەو کاتـە زیاتـر هاندەدرێـت بـۆ ئـەوەی کاربـکات و ئـەدای بـاش دەبێـت. کەواتـە، هەبوونـی جیاکاریـی جێندەریـی لـە کاردا وادەکات ژن ئـەدای لـەو کارەدا دابەزێـت. ئـەم جیاکارییـەش بـە هـۆی بنمیچـی شوشـەیی درووسـتدەبێت، چونکـە کاتێـک ژن هەسـتیکرد لەگـەڵ هەوڵەکانـی بەربەسـتی بـۆ درووسـتدەبێت و ڕێـگای گەیشـتنی بـە پۆسـتە بـاڵاکان لێدەگیرێـت، وای لێـدەکات لـە ناخیـدا هەسـت بـە نادادیـی و بێزاریـی و ڕقلێبونـەوە دەکات لـەو کارە و، سـەرئەنجام ئـارەزووی بەردەوامبوونـی نامێنێـت لـەو بـوارە. (٢٩)

(ڤکتـۆر فـرۆم) لـە (١٩٦٤)دا تیـۆری پێشـبینیی داڕشـت. پێیوایـە ئـەدای کەسـێک لـە کارێکـدا لـە دەرئەنجامـی کارلێکی نێـوان خـودی کەسـەکە و ژینگـەی کارەکـەی دروسـتدەبێت و، پێیوایـە بەزریـی و نزمیـی ئـەدای کەسـێک پەیوەندییدارە بـە پێشـبینیی کەسـەکە بـۆ دەرئەنجامـی هـەوڵ و، ئـەو نـرخ و بەهایـەی دەیـدات بـە دەرئەنجامـی هەوڵەکـەی و پاشـان پاداشـتکردنی کارەکـەی بـە مادیـی بێـت یـان بـە واتایـی؛ واتـە بـۆ نموونـە ئـەو ژنـە لـە پارتێکـی سیاسـیی کاردەکات و هەمـوو هەوڵەکانـی دەخاتەگـەڕ لـە پێنـاوی هێنانەدیـی ئامانجەکانی پارتەکـەی و خـۆی مانـدوودەکات و ڕەنگـە قوربانیـی بـە زۆر شـتی ژیانـی تایبەتیـی بـدات، چونکـە پێشـبینییەکانی لـە ئاسـتێکی باڵادایـە کاتێـک بـەراوردی هەوڵەکانـی خـۆی دەکات بـە هاوپیشـە پیاوەکـەی، کـە چـۆن بـەو ماندووبوونـەی دەتوانێـت بگاتـە پلـە و پێگەیەکـی بـاڵای سیاسـیی. ئـەو ژنـەش هەمـان پێشـبینیدەکات بـۆ دەرئەنجامـی ئـەدای لـەو کارە، بـەڵام کاتێـک بەهـۆی دیـاردەی بنمیچـی شوشـەیی ڕێگـەی سـەرکەوتنی لـە کایـەی سیاسـیی لێدەگیرێـت، ئاساییە کـە ئـارەزووی بـۆ ئـەو کارە نەمێنێـت و ئاسـتی ئـەدای دابەزێـت و بـە پێچەوانەشـەوە ڕاستە، چونکـە دواتـر لەلایـەن (بورتـر و لولـر) ەوە کەمێـک

تیۆرەکەی (فرۆم)یان دەستکاریکرد؛ ئەمان پێیانوابوو ئەگەر پێشبینیی کەسەکە بۆ دەرئەنجامی کارەکەی و ئەو پاداشتەی وەریدەگرێت لەگەڵ دەرئەنجامە واقعییەکە یەکانگیربو ئەوا کەسەکە رەزامەندی پیشەیی لەو کارە بەدەستدێنێت و سەرئەنجام ئەدای بەرزدەبێتەوە. (٣٠)

١ – ب/ شوێنەوارەکانی بنمیچی شوشەیی لەسەر ئەدای ژن:

وەک ئاشکرایە ژن نیوەی کۆمەڵگەیە و لەمڕۆدا بەیەکێک لەسەرچاوە مرۆییە کاریگەرەکان دادەنرێت لە کۆی گشتیی بوارەکانی کارکردن، بەوپێیەی لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان و کرانەوەیان بە رووی یەکترییدا، دەرئەنجامی جیهانگیریی ئێستا ژنانێکی زۆر دەخوێنن و بڕوانامەی بەرز بەدەستدەهێنن و راهێناندەکەن و بوون بە خاوەن توانا و لێهاتووییەکی زۆر و، توانیویانە هەبوونی خۆیان لە زۆر بواردا بسەلمێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی دیاردەی بنمیچی شوشەیی لەکاردا وایانلێدەکات نەتوانن بگەنە لوتکەی سەرکەوتن لە کار و پیشەکاندا، وەک ئاماژەمان پێکرد، ئەمەش شوێنەوارێکی نەرێنیی لەسەر خودی ژنەکان خۆیان و دامەزراوەکە و کۆمەڵگەش درروستدەکات. بۆ نموونە، دەبێت بە هۆی کوژانەوەی گیانی داهێنان لە ناخی ئەم ژنانە، چونکە ژن وەک سەرچاوەیەکی مرۆیی بریتین لە کۆمەڵێک توانای عەقڵیی و مەعریفیی و لێهاتوویی و ئەزمون کە دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت لە بەرەوپێشچونی دامەزراوەکە و زیادبوونی ئاستی بەرهەم، بۆیە رێگرییکردن لێیان جا بەهەر هۆکارێک بێت بۆ دەربڕینی بۆچوونیان و گوێگرتن لە رکانیان و رێگریلێکردنیان لە گەیشتن بە پلەی باڵای کارگێڕیی، زۆر جار وادەکات نەک هەر دامەزراوەکە بەڵکو کۆمەڵگەش لە دەرئەنجامی کار و چالاکییەکانیان بێبەرییکات.(٣١)

ئەمە جگە لەوەی رێگەنەدان بە ژنان بۆ گەیشتن بە پۆستە باڵاکان، واتە بێبەرییکردنی ژن لە هەموو ئەو سوود و قازانجانەی ئەو کەسە دەستیدەکەوێت بەهۆی هەبوونیەوە لە پۆستی باڵادا (٣٢)، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان دا راستە مووچەی فەرمانبەر بەپێی پلەی وەزیفییەکەی دەستنیشاندەکرێت و لێرەدا جیاوازیی نییە لە نێوان مووچەی نێر و مێ، بەڵام کاتێک بەهۆی هەبوونی بنمیچی شوشەیی رێگە لە ژنان دەگیرێت بۆ گەیشتن بە پۆستی باڵای کارگێڕیی، لێرەدا ژن بێبەرییدەبێت لەو داهاتە زیادەیەی کەسێک بەهۆی پۆستەکەی وەریدەگرێت. جگە لەوە هەبوونی کەسێک لە پۆستێکی باڵا واتە هەلەکانی وەرگرتنی راهێنانی پیشەیی کە سوودی هەیە بۆ بەهێزکردنی تواناکانی تاک، ژن دووبارە لێی بێبەریدەبێت، هەروەها نەگەیشتنی ژن بە پۆستی باڵا واتە بێبەریبوونی لە هەلی گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات کە سوودی زۆری هەیە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی تاک، چونکە لەلایەک ئەو کەسە کلتوورێکی تازە دەبینێت و شتی تازە فێردەبێت و بواری پەیوەندییەکانی فراواندەکات و کەسی تازە دەناسێت، بۆیە ژنان هەموو ئەم هەلانە لەدەست دەدەن، ئەمە جگە لەو پێگە کۆمەڵایەتییە بەرزەی کە پۆستەکە بۆ کەسەکەی دروستدەکات لە نێو کۆمەڵگەدا.

لەلایەکی ترەوە، رێگەنەدان بە ژن بۆ گەیشتن بە پۆستی باڵا واتە هێشتنەوەی ژن لە قاڵبە تەقلیدییە باوەکەی کۆمەڵگە بۆیداناوە، بەوەی دەبێت ژێردەستە و ملکەچ و فەرمان لەسەرکراو بێت، ئەمەش وادەکات ژن نەتوانێت لەو وێنەیە دەربچێت و ببێتە نموونەیەکی باڵا بۆ ژنانی تر تا چاویلێبکەن و فێری جۆرە سیفەتێکی تری کەسێتیی جیاواز بن. هەروەها رێگرتن لە ژن بۆ گەیشتن بە پێگەی بڕیاردان دەبێتە هۆکار بۆ مانەوەی ئەو کێشانەی رووبەڕووی ژنان دەبێت لە نێو کۆمەڵگە، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو هەرەمەی کە(کۆنێل) دانابوو بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان کە چۆن ئەو پیاوانەی لە لوتکەن سیاسەت و یاساکان لەبەرژەوەندیی کۆی گشتیی پیاوان دادەنێن، کەواتە رێگەدان بە ژنان بۆ گەیشتن بە لوتکە هاوکاردەبێت لە دارشتنی یاسا

و ڕێسایەک کە نەک لەبەرژەوەندیی ژنان بێت، بەڵکو بە لایەنی کەم چارەسەرێک بێت بۆ ئەو هەموو توندوتیژیی و جیاکارییانەی لە کۆمەڵگەی نێرسالاریی بەرامبەر بەمێینە پیادەدەکرێت.

## چوارچێوەی کرداریی توێژینەوەکە:

ا/ ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە:

جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیی شیکاریە، پشتەبەستێت بە میتۆدی رووپێویی کۆمەڵایەتیی لە جۆری (رووپێوی کۆمەڵایەتیی بە ڕێگەی نموونە). بە هۆی فراوانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، نەتوانرا (رووپێویی گشتگیر) بەکاربهێنرێت، بەڵکو تەنها نموونەیەک وەرگیراوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و ڕێکارە کردارییەکانی لەسەر جێبەجێدەکات.

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەکۆی گشتیی ئەو ژنانەی کە لەنێو پارتە سیاسییەکاندان و سەرقاڵی کاری سیاسیین لە شاری سلێمانی. نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەرەمەکیی لەسەرجەم فراکسیۆنە کوردییەکانی شاری سلێمانی وەرگیراون، بۆ ئەم مەبەستەش پشتبەستراوە بەبەکارهێنانی یاسای (نونەلی) (٣٣)، کە یاسایەکە بۆ ئەو کۆمەڵگە توێژینەوانە بەکاردێت کە فراوانە و ناتوانرێت هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە وەربگیرێت، وەک نموونەی توێژینەوە (یاساکەش بەم جۆرەیە بۆ هەر برگەیەک (٥-١٠) یەکە وەردەگیرێت). بەو پێیەی فۆرمی پێوانەییەکە لە دوای جێگیرکردنی لە (٣٣) برگە پێکدێت و بۆ هەر برگەیەک (٥) یەکە وەرگیراوە. لێرەوە ژمارەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دەکاتە (١٦٥) یەکە ، پاشان بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ (١٦٥) فۆرمی بگاتەوە بەدەست، (١٨٠) فۆرم دابەشکراوە و دواتر لەدوای گەڕاندنەوەی کۆی گشتیی فۆرمەکان توانراوە (١٦٥) فۆرمی تەواوی بەدەستبگات، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کۆی گشتیی برگەکان وەڵامدراونەتەوە .

بوارەکانی توێژینەوەکە:

١/ بواری مرۆیی: بریتییە لە (١٦٥) کەس لە رەگەزی مێینە لەنێو پارتە سیاسیەکان لە شاری سلێمانی کاردەکەن.

٢/ بواری شوێن / بریتییە لە پارتە سیاسیە کوردییەکانی ناو شاری سلێمانی .

٣/ بواری کات / ئەو ماوەیەیە کە توێژەر کۆی گشتیی کاری توێژینەوەکەی تێدا جێبەجێکردووە بریتییە لە (٢٠٢٢/١/١ - ٢٠٢٢/٦/١).

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی: لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی پێوانەیی بەکارهێنراوە، وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە راستیی و زانیارییەکان سەبارەت بەدەرخستنی ئاستی کاریگەربوونی ژنان (لە ناو کایەی سیاسیی) بە دیاردەی بنمیچی شوشەیی. بەگشتیی فۆرمەکە لە دوو بەش پێکدێت؛ سەرەتا زانیارییە دیمۆگرافاییەکان بریتیین لە (تەمەن، باری خێزانیی، ئاستی خوێندەواریی)، دواتر زانیاریی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە ئەمیش لە (٣) تەوەر پێکدێت: تەوەری یەکەم تایبەتە بە هۆکارەکانی دروستبوونی دیاردەی بنمیچی شوشەیی، پاشان لەتەوەری دووەم کاریگەریی بنمیچی شوشەیی لەسەر نواندنی (ئەدا) ژن، تەوەری سێهەم بریتییە لە میکانیزمی رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە و، کۆی گشتیی تەوەرەکان (٣٠) برگەن و بە زانیارییە دیمۆگرافاییەکانەوە دەبێت بە (٣٣) برگە بە ئاراستەی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ دەڕوات. ئەم فۆرمە پێوانەییە لەسەر بنەمای (لیکەرتی پێنجیی) دانراوە و بەرتوێژ دەتوانێت ئازادانە یەکێک لەم وەڵامانە هەڵبژێرێت (زۆر هاوڕام ، هاوڕام ، دڵنیانیم ، هاوڕانیم ، هەرگیز هاوڕانیم)، هێزی برگەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

خشتەی ژمارە (١) دیاریکردنی هێزی بڕگەکان

| هێزی بڕگەکان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | هەرگیز هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگە پۆزەتیڤەکان | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| بڕگە نەگەتیڤەکان | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

هەروەها بواری وەڵامی بەرتوێژ لە فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە لە نێوان نرخی ( ٣٠-١٥٠) دایە.

هەروەها مەودای بژاردەکان بەمشێوەیە دەستنیشانکراوە (٥-١=٤) پاشان (٤/٥=٠،٨) کەب ەمجۆرەیە:

خشتەی ژمارە (٢) تایبەت بە مەودای هەر بژاردەیەک

| مەودا | ئاستی مەودا |
|---|---|
| ١-١.٨٠ | لاواز |
| ١.٨١ – ٢.٦٠ | سادە |
| ٢.٦١ – ٣.٤٠ | مامناوەند |
| ٣.٤١ – ٤.٢٠ | توند |
| ٤.٢١ – ٥.٠٠ | زۆر توند |

دروستیی رواڵەتیی: بە مەبەستی گەیشتن بە راستیی و درووستیی فۆرمی پێوانەییەکە، لەدوای ئامادەکردنی فۆرمەکە رێگەی درووستیی رواڵەتیی بەکارهێنراوە و فۆرمەکە خراوەتە بەردەم ژمارەیەک لە هەڵسەنگێنەری ئەکادیمیایی وەک چەند مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەڵاحەدین. کۆی سەرنج و تێبینیەکانیانی هەڵسەنگێنەران بەهەند وەرگیران و، خۆشبەختانە سەرجەم هەڵسەنگێنەران هاورِا و کۆکبوون لەسەر بڕگەکان، بۆیە فۆرمەکە بە جێگیربوونی (٣٠) بڕگە وەک خۆی مایەوە. لە خشتەی (٣) دا وەڵامی هەڵسەنگێنەران بۆ تەواوی فۆرمەکە خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٣) ئاستی راستگۆیی بڕگەکانی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە

| ناوی شارەزایان | ژمارەی بڕگە پەسەندکراوەکان | ژمارەی بڕگە پەسەندنەکراوەکان | بڕگە پەسەندنەکراوەکان | رێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|---|
| پ.د. حسین اسماعیل علی | ٢٦ | ٤ | ٢١،١٨،١١،٧ | ٨٦.٦٦٪ |
| پ.ی.د. عبدالله خورشید عبدالله | ٣٠ | / | / | ١٠٠٪ |
| پ.ی.د. توانا فریدون حسین | ٢٨ | ٢ | ١٠،٥ | ٩٣.٣٣٪ |
| پ.ی.د. کمال حسن | ٣٠ | / | / | ١٠٠٪ |
| د. ئارام علی فرج | ٢٩ | ١ | ١٤ | ٩٦.٦٦٪ |

لێرەوە، دەردەکەوێت کە تێکڕای گشتیی پەسەندکردنی شارەزایان بۆ تەواوی بڕگەکان (٩٥،٣٣٪ )، کەواتە بڕگەکان دەگونجێن لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە.

جێگیریی/ توێژەر شێوازی ( کرونباخ الفا ) ی بە بەرنامەی (SPSS) بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە جێگیری فۆرمەکە کە بریتی بوو لە (٠،٩٩٤) ئەمەش ئاستێکی بەرزە و جێگیری فۆرمەکە دەسەلمێنێت.

ئامرازە ئامارییەکان : توێژەر پشتیبەستووە بەبەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) بۆ بەتاڵکردنەوەی داتاکان و، رێکارە ئامارییەکان . لە گرنگترین ئەو ئامرازە ئامارییانەی بەکارهاتوون لەم توێژینەوەیە بریتین لە: (رێژەی سەدیی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەریی، شێوازی کرونباخ ئەلفا ، (One-Way ANOVA) بۆ دەرهێنانی جیاوازیی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بژاردەکانی چوار بەرەو سەرەوەن و، (LSD) بۆ دیاریکردنی جیاوازیی نێوان گۆڕاوەکان ئایا لەبەرژەوەندی کام لایەندایە.

٢-ب/ خستنەڕووی داتاکان:

یەکەم / خستنەڕووی ئەنجامی زانیارییە دیمۆگرافیاییەکان:

خشتەی ژمارە (٤) / خستنەڕووی زانیارییە دیمۆگرافیاییەکانی بەرتوێژان

| گۆڕاوەکان | بژاردەکان | دووبارەبووەکان | رێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ٢٠-٣٠ | ٢١ | ١٢.٧٪ |
| | ٣١-٤٠ | ٣٥ | ٢١.٢٪ |
| | ٤١-٥٠ | ٦١ | ٣٧٪ |
| | ٥١ – بەرەو ژوور | ٤٨ | ٢٩.١٪ |
| | کۆی گشتیی | ١٦٥ | ١٠٠٪ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| باری خێزانیی | سەڵت | ٥٢ | ٪٣١.٥ |
| | خێزاندار | ٨٩ | ٪٥٣.٩ |
| | جیابووەوە | ٢٠ | ٪١٢.١ |
| | مردوو | ٤ | ٪٢.٤ |
| | کۆی گشتیی | ١٦٥ | ٪١٠٠ |
| ئاستی خوێندن | ئامادەیی | ١٤ | ٪٨.٥ |
| | دبلۆم | ٤٨ | ٪٢٩.١ |
| | بەکالۆریۆس | ٦٨ | ٪٤١.٢ |
| | ماستەر | ١١ | ٪٦.٧ |
| | دکتۆرا | ٢٤ | ٪١٤.٥ |
| | کۆی گشتیی | ١٦٥ | ٪١٠٠ |

دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە دیمۆگرافیاییەکانی تایبەت بە بەرتوێژان، زۆرترین ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٤١-٥٠) ساڵیی بە پلەی یەکەم دێن، لە رووی باری خێزانییەوە بە پلەی یەکەم ئەو بەرتوێژانەن کە خێزاندارن، سەبارەت بە ئاستی خوێندن وەک لە خشتەی (٤) دیارە زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە لە پسپۆرییە جیاوازەکان.

دووەم/ خستنەڕووی ئەنجامەکانی فۆرمی پێوانەیی:

بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکانی تایبەت بە فۆرمی پێوانەییەکە، مامەڵە لەگەڵ ئەو فۆرمانەدا کراوە کە تەواوی بڕگەکانی لەلایەن بەرتوێژانەوە وەڵام دراونەتەوە، کە ژمارەیان (١٦٥) بەرتوێژ بوو. ئەنجامەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

ا/ کاریگەرێتیی هۆکارەکانی درووستبوونی دیاردەی بنمیچی شوشەیی لەسەر ژنانی ناو پارتە سیاسییەکان:

دوای هەڵاوێرکردنی بڕگەکانی تەوەرەی یەکەم کە تایبەتە بە هۆکارەکانی درووستبوونی دیاردەی بنمیچی شوشەیی دەردەکەوێت ئاستی ناوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتیی کاریگەرییەکی توندی هەیە لەسەر ئاستی بڕگەکان و بەکۆی گشتیی رێژەی کاریگەرییان توندە. بەڵام لە پلەی یەکەمدا، بڕگەی ژمارە (١٠) دێت کە پەیوەستە بە کاریگەریی زۆریی رۆڵەکانی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیی لەسەر نەگەیشتنی ژنان بە پۆستی باڵای سیاسیی، ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگە و دەرچوونی ژنان لەسنوری ماڵ و کارکردنیان لە تەواوی بوارەکان، بەڵام هێشتا خۆیان و کۆمەڵگەش نەیانتوانیوە مێشک و زەینیان بەرامبەر ئەو وێنەیە بگۆڕن کە بۆ ژنان درووستبووە و خۆی دەبینێت لە رۆڵە باوەکانی لە چوارچێوەی ماڵدا، هێشتا ژنانی

ناو ئەم کۆمەڵگەیە هەرچەندە کاری سیاسییش بکەن هێشتا لە سنووری ماڵدایە؛ دایک، هاوسەر، کەیبانوو، لە خزمەت ئەوانی تردان و ئەمەش وایانلێدەکات رەزامەندبن لەوەی لە پلەیەکی نزمی وەزیفییدا بمێننەوە بە جۆرێک یارمەتیدەر بێت بۆ راگرتنی باڵانس لە نیوان کاری ماڵ و کاری سیاسیی و، هەوڵنەدەن بۆ گەیشتن بە پلەکانی سەرەوەی هەرەمی وەزیفیی، وەک لەخشتەی ژمارە (٥) دا دیارە.

خشتەی ژمارە (٥) ئامرازە ئامارییەکان بۆ بڕگەکانی تەوەری یەکەم

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | زۆریی رۆڵەکانم، وەک ژنێک واملێدەکەن هەوڵ بۆ گەیشتن بە پۆستی باڵای سیاسیی نەدەم | ٣.١٥٧٦ | ١.٤٠٩٦٩ | توند |
| ٥ | دانانی ژنی کەمتوانا لە پۆستە باڵاکان بەمەبەستی پیشاندانی وێنایەکی خراپی ژن رێگریدەکات لە گەیشتنی ژن بە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.١٣٩٤ | ١.٤١٨٠٨ | توند |
| ١١ | خێزانەکەم رێگریم لێدەکات لەگەیشتنم بە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.١٠٩١ | ١.٤١٤٢٩ | توند |
| ١ | بوونی جیاکاریی جێندەریی لە کاردا هۆکارێکە بۆ رێگرییکردن لە ژن لە گەیشتن بە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.٠٩٧٠ | ١.٤٠٦٥٤ | توند |
| ٣ | بوونی گێچەڵپێکردنی سێکسیی لەکاردا رێگرییدەکات لە ژن لە بەشداریکردن لەکاری سیاسیی | ٣.٠٩٧٠ | ١.٤١٥١٨ | توند |
| ٢ | گرنگینەدان بە راهێنانی ژن لە کاری سیاسیی رێگریدەکات لە یگەشتن بە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.٠٩٧٠ | ١.٤١٩٤٨ | توند |
| ٤ | کلتووری کۆمەڵگە وایکردووە پۆستە باڵا سیاسییەکان لە لایەن پیاوان قۆرخکراوە چونکە بە کارێکی پیاوانە دادەنرێت | ٣.٠٩٧٠ | ١.٤٢٨٠٥ | توند |
| ٦ | وەک ژنێک لەخۆم رانابینم بگەمە پۆستێکی باڵای سیاسیی | ٣.٠٩٠٩ | ١.٤١٣٤٣ | توند |
| ١٢ | پەروەردەی خێزانیی (طموح) ئارەزووی کاری سیاسیی هەر لەتەمەنێکی منداڵیەوە لە ناخی ژندا لەناودەبات بۆیە ژن ئارەزووی گەیشتنی بە پۆستی باڵای سیاسیی نییە | ٣.٠٨٤٨ | ١.٤٠٧٣٢ | توند |
| ٩ | وا هەستدەکەم نەتوانم بەرپرسیارێتیی هەڵبگرم لەکایەی سیاسیی دا بۆیە پێمباشترە لە پاشکۆدا بم | ٣.٠٨٤٨ | ١.٤١١٦٥ | توند |
| ٨ | ترسم لەوەی لەسۆشیال میدیا قسەم لەسەر بکرێت واملێدەکات هەوڵ نەدەم بگەمە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.٠٧٨٨ | ١.٣٧٩٢٤ | توند |
| ٧ | ترسم بەوەی بەهۆی ژنبوونم کێشەم بۆ دروستبێت ئەگەر بگەمە پۆستێکی باڵا، واملێدەکات هەوڵی بۆ نەدەم | ٣.٠٧٨٨ | ١.٤١٤١٦ | توند |

ب/ کاریگەرێتی شوێنەوارەکانی دیاردەی بنمیچی شوشەیی لەسەر ژنانی ناو پارتە سیاسییەکان:

دوای هەڵاوێرکردنی بڕگەکانی تەوەرەی دووەم، تایبەت بە شوێنەوارەکانی بنمیچی شوشەیی لەسەر ژنانی ناو کایەی سیاسیی، ئاستی کاریگەریی کۆی گشتیی بڕگەکانی ئەم تەوەرەیە توندە، بەڵام لە پلەی یەکەم بڕگەی (٢٠) دێت کە بریتییە لە هەستکردن بە نائومێدیی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە گەیشتنی ژنان بە پۆستە باڵاکان لەنێو کایەی سیاسیی و، ئەمەش وایلێکردوون ئارەزووی کاری سیاسیوان نەمێنێت، لە راستییدا ئەمە کێشەیەکی گەورەیە چونکە دوورکەوتنەوەی ژن و کەمبوونەوەیان لە بواری سیاسەت زیانێکی گەورە بە پرسی ژنان دەگەیەنێت لە کۆمەڵگەدا لە چەند لایەکەوە وەک پێشتر لە لایەنی تیۆریی ئاماژەی پێکراوە، کەمیی بەشداریی ژن لە کاری سیاسیی وا دەکات نەتوانرێت فشار دروستبکرێت لەکاتی بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندییدارە بە ژنان و دواتر ناتوانرێت هیچ گۆڕانکاریی و بەرەو پێشچوونێک بکرێت لەدۆخی ژن دا، هەروەک لە خشتەی (٦) دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٦) / بەئامرازە ئامارییەکان بۆ بڕگەکانی تەوەری دووەم

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | نائومێدم لەبەرامبەر خۆم و هاوڕەگەزەکانم لە گەیشتن بە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.١٥١٥ | ١.٤٢٩٦٨ | توند |
| ١٦ | ئارەزووی بەشداریی کاری سیاسییم نەماوە | ٣.١٠٩١ | ١.٤٢٧١٧ | توند |
| ١٥ | هەست بە ڕەشبینیی دەکەم بەرامبەر داهاتووی کارەکەم کە دەبینم ڕێگەم پێنادرێت بگەمە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.١٠٣٠ | ١.٤٤٢٤٩ | توند |
| ١٩ | ئارەزووی گەیشتنم بە پۆستی باڵای سیاسیی نەماوە | ٣.٠٩٠٩ | ١.٤٤٣٣١ | توند |
| ٢١ | متمانەم بە خۆم نەماوە چونکە لەگەڵ هەوڵەکانم بەڵام ڕێگەم پێنادرێت بگەمە پۆستی باڵای سیاسی | ٣.٠٨٤٨ | ١.٤٢٠٢٦ | توند |
| ١٨ | هەستدەکەم ئەدام لە کارەکەم دابەزیووە | ٣.٠٧٨٨ | ١.٤٢٧٠٤ | توند |
| ١٣ | هەست بە ستەم و زۆرداریی دەکەم کە ڕێگەم پێنادرێت بگەمە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.٠٧٨٨ | ١.٤٢٧٠٤ | توند |
| ١٧ | ئارەزووی خۆ کاندیدکردنم نییە، چونکە دەزانم ڕێگەم پێنادرێت بگەمە پۆستێکی باڵای سیاسیی | ٣.٠٧٨٨ | ١.٤٣٩٨٠ | توند |
| ١٤ | هەست بە بێزاری دەکەم کە ڕێگەم پێنادرێت بگەمە پۆستی باڵای سیاسیی | ٣.٠٦٦٧ | ١.٤١٤٧٩ | توند |

ج/ کاریگەرێتی دیاردەی بنمیچی شوشەیی لەسەر میکانیزمی رووبەڕووبوونەوەی ژنانی نێو کایەی سیاسیی بۆ ئەم دیاردەیە:

دوای هەڵاوێرکردنی بڕگەکانی تەوەرەی سێهەم، تایبەت بە میکانیزمی رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی بنمیچی شوشەیی لە نێو کایەی سیاسیی، ئاستی کاریگەریی کۆی گشتیی بڕگەکانی ئەم تەوەرە توندە، بەڵام لە پلەی یەکەمدا بڕگەی (٢٥) دێت و ،گرنگترین میکانیزمێک کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت بە رای زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە؛ بریتیە لە رووبەڕووبوونەوەی گێچەڵپێکردنی سێکسیی و لێپێچینەوە لەگەڵ بکەرانی لە نێو حیزبەکان، دیارە ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی ژنان دووردەخاتەوە لە کاری حیزبیی کاتێک لەلایەن هاوکارەکانیان هەراساندەکرێن ئەمەش شوێنەوارێکی نەرێنیی لەسەر کۆی گشتیی ژنان بەجێدەهێڵێت نەک تەنها ژنانی نێو حیزبەکان دوور دەخاتەوە، بەڵکو وا دەکات ژنانی تریش نزیکی کاری سیاسیی نەبنەوە، وەک لە خشتەی (٧) روونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٧) / بەئامرازە ئاماریەکان بۆ بڕگەکانی تەوەری سێهەم

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | حیزبە سیاسیەکان لێپێچینەوە بکەن لەگەڵ کەسی گێچەڵکار بە ژنانی نێو حیزبەکە | ٣.١٣٣٣ | ١.٤١٦٥١ | توند |
| ٢٤ | کار لەسەر دروستکردنی ژنانی سەرکردە بکرێت | ٣.١٢٧٣ | ١.٤١٩٢٢ | توند |
| ٢٣ | ژن متمانە بەخۆبوونی بۆ بگەڕێتەوە | ٣.١٠٩١ | ١.٤٠١٣٠ | توند |
| ٢٨ | ژنی شیاو و لێهاتوو لە پۆستە باڵا سیاسییەکان دابنرێت نەک لەسەر بنەمای خزمایەتیی | ٣.١٠٣٠ | ١.٣٩٩٥٨ | توند |
| ٢٧ | کار بە سیستەمی کۆتا بکرێت و هەوڵبدرێت رێژەکە زیادبکرێت بۆ ژن | ٣.٠٩٧٠ | ١.٤١٥١٨ | توند |
| ٢٢ | پێویستە کاربکرێت لەسەر گۆڕینی وێنای ژن لە هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە | ٣.٠٨٤٨ | ١.٣٩٨٦٣ | توند |
| ٣٠ | هەڵمەتی هۆشیاریی بۆ خێزانەکان بکرێت هەتا رێگە لە ژنان نەگرن بۆ بەشداریی سیاسیی | ٣.٠٨٤٨ | ١.٤٣٣٠٨ | توند |
| ٢٩ | گوێ بۆ رای ژنان بگیرێت و راکانیان بەهەند وەربگیرێت لەنێو حیزبەکەدا | ٣.٠٧٨٨ | ١.٤٠٩٨٤ | توند |
| ٢٦ | حیزب هەڵوێستی هەبێت؛ کاتێک ژنێکی نێو حیزبەکەی لەسۆشیال میدیا هێرش دەکرێتە سەری | ٣.٠٦٠٦ | ١.٤٤٢٨٠ | توند |

یەکەم: جیاوازی ئاماری وەڵامی بەرتوێژان بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستی تەمەن:

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (ف) دەردەکەوێت، لە کۆی گشتی تەوەرەکان جیاوازیی نییە لە نێوان وەڵامی بەرتوێژان بەگوێرەی ئاستی تەمەن سەبارەت بەم دیاردەیە، بەو پێیەی لەتەوەری یەکەم بەهای (ف) ی بەدەستهاتوو (٠.٤١٧) زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥) لەتەوەری دووەم بەهای (ف) بەدەستهاتوو (٠.٢٩٢) زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥)، بەهەمان شێوە لەتەوەری سێهەم بەهای (ف) بەدەستهاتوو (٠.٣٧٨) زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥)، ئەمەش مانای ئەوەیە ژنان لەهەر تەمەنێک بن جیاوازنین لەو ڕووەوە کە زەرەرمەندن لە دیاردەی بنمیچی شوشەیی لە کاری سیاسیی و ڕێگریان بۆ دروستدەبێت لە گەیشتنیان بە پۆستە بالاکان، وەک لە خشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٨)خستنەرووی جیاوازی ئاماری بەگوێرەی گۆڕاوی تەمەن

| تەوەرەکان | تەمەن | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ف) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆکارەکانی دروستبوونی بنمیچی شوشەیی | ٢٠-٣٠ | ٣.٢١٠١ | ١.٢٢٩١ | ٠.٤١٧ | ٠.٧٤١ |
| | ٣١-٤٠ | ٣.٢٦٩٠ | ١.١٢١٣ | | |
| | ٤١-٥٠ | ٢.٩٧٤٠ | ١.٥٠٣٠ | | |
| | ٥١- بەرەوژوور | ٣.٠٩٢٠ | ١.٢٨٩٧ | | |
| شوێنەوارەکانی بنمیچی شوشەیی | ٢٠-٣٠ | ٣.٢١٦٩ | ١.٣٤٣٢ | ٠.٢٩٢ | ٠.٨٣١ |
| | ٣١-٤٠ | ٣.٢٠٩٥ | ١.١٣٥٢ | | |
| | ٤١-٥٠ | ٢.٩٧٨١ | ١.٥٢٠٢ | | |
| | ٥١ – بەرەوژوور | ٣.١٠١٨ | ١.٢٧٩٦ | | |
| میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی بنمیچی شوشەیی | ٢٠-٣٠ | ٣.٢٣٢٥ | ١.٣١٢٧ | ٠.٣٧٨ | ٠.٧٦٩ |
| | ٣١-٤٠ | ٣.٢٢٥٤ | ١.٢٠٦٨ | | |
| | ٤١-٥٠ | ٢.٩٦٣٥ | ١.٤٦٦٤ | | |
| | ٥١- بەرەوژوور | ٣.١١٥٧ | ١.٣٠٩٤ | | |

دووەم: جیاوازیی ئامارىی وەڵامی بەرتوێژان بەگوێرەی گۆڕاوی باری خێزانیی:

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (ف) دەردەکەوێت، لە تەوەری یەکەم جیاوازیی نییە لە نێوان وەڵامی بەرتوێژان بەو پێیەی بەهای (ف) ی بەدەستهاتوو (١.٥٦١) زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥) ، بەهەمان شێوە لەتەوەری دووەم بەهای (ف) بەدەستهاتوو (١.٠١١) زیارە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥) کەواتە لەم تەوەرەش جیاوازیی نییە ،هەروەها لەتەوەری سێیەم بەهای (ف) بەدەستهاتوو (١.٤١٦) زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥)، کەواتە جیاوازیی

نییە لە نێوان وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە دیاردەی بنمیچی شوشەیی ئەگەر چیی ئەو کەسە سەڵت بێت یان خێزاندار یان جیابووەوە یان تاکمردوو هەمان بۆچوونیان هەیە بەرامبەر ئەم دیاردەیە ، وەک لە خشتەی ژمارە (٩) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی ژمارە (٩)خستنەرووی جیاوازی ئاماری بەگوێرەی گۆڕاوی باری خێزانی

| تەوەرەکان | باری خێزانی | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆکارەکانی دروستبوونی بنمیچی شوشەیی | سەڵت | ٢.٩٦٣١ | ١.٢٩٩٨ | ١.٥٦١ | ٠.٢٠١ |
| | خێزاندار | ٣.٠٤٤٩ | ١.٣٦٣٠ | | |
| | جیابووەوە | ٣.٢٥٩١ | ١.٢٣٢٥ | | |
| | تاکمردوو | ٤ | ١.٨٦٠٦ | | |
| شوێنەوارەکانی بنمیچی شوشەیی | سەڵت | ٢.٩٨٢٩ | ١.٣٧٠١ | ١.٠١١ | ٠.٣٨٩ |
| | خێزاندار | ٣.٠٤٤٩ | ١.٣٤٥١ | | |
| | جیابووەوە | ٣.٤٥٥٥ | ١.٣٢٦٤ | | |
| | تاکمردوو | ٣.٨٠٥٥ | ١.٠٣٩٨ | | |
| میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی بنمیچی شوشەیی | سەڵت | ٢.٩٦٣٦ | ١.٣٥٤٥ | ١.٤١٦ | ٠.٢٤٠ |
| | خێزاندار | ٣.٠٦٣٦ | ١.٣٤٠٥ | | |
| | جیابووەوە | ٣.٣٧٢٢ | ١.٣٣٤٤ | | |
| | تاکمردوو | ٤.٢٢٢٢ | ٠.٩١٦٢ | | |

سیهەم: جیاوازی ئاماری وەڵامی بەرتوێژان بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواریی:

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (ف) دەردەکەوێت، لە تەوەری یەکەم جیاوازیی نییە لە نێوان وەڵامی بەرتوێژان بەوپێیەی بەهای (ف) ی بەدەستهاتوو (٢.٢٦٧) زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥) ، هەروەها لەتەوەری دووەم بەهای (ف) بەدەستهاتوو (١.٤٧٩) زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥) کەواتە لەم تەوەرەیەشدا جیاوازی نیە لە نێوان وەڵامی بەرتوێژان ،لە تەوەری سێیەم بەهای (ف) بەدەستهاتوو (١.٧٤٦) زیاترە لەبەهای خشتەیی (٠،٠٥) واتە لەم تەوەرەیەشدا جیاوازیی نییە لە نێوان وەڵامی بەرتوێژان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاستی خوێندەواریی بەرتوێژان هەرچەندێک بێت هەمان بۆچوونیان هەیە بەرامبەر دیاردەی بنمیچی شوشەیی، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

خشتەی ژمارە (١٠)خستنەرووی جیاوازی ئاماری بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری

| تەوەرەکان | پیشە | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ف) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆکارەکانی دروستبوونی بنمیچی شوشەیی | ئامادەیی | ٢.٨٥٧١ | ١.٥٧٩٥ | ٢.٢٦٧ | ٠.٠٦٤ |
| | دبلۆم | ٣.٠١٥٦ | ١.٢٧٧٢ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٣.٠٢٨١ | ١.٣٢١٥ | | |
| | ماستەر | ٤.٢٢٧٢ | ٠.٦٢٨١ | | |
| | دکتۆرا | ٣.١٠٤١ | ١.٣٧٣١ | | |
| شوێنەوارەکانی بنمیچی شوشەیی | ئامادەیی | ٣.٠٣١٧ | ١.٥٩٠٨ | ١.٤٧٩ | ٠.٢١١ |
| | دبلۆم | ٣.٠٤٣٩ | ١.٢٧٣٨ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٣.٠١١٤ | ١.٣٢٥٦ | | |
| | ماستەر | ٤.٠٤٠٤ | ١.٠٨٧٠ | | |
| | دکتۆرا | ٣.٠٢٧٧ | ١.٤٣٩٥ | | |
| میکانیزمی ڕوبەڕوبونەوەی بنمیچی شوشەیی | ئامادەیی | ٣.٠٣١٧ | ١.٥٢٩٣ | ١.٧٤٦ | ٠.١٤٣ |
| | دبلۆم | ٣.٠٦٧١ | ١.٢٧٧٧ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٣.٢٠٢٦ | ١.٣٥٠٢ | | |
| | ماستەر | ٤.١١١١ | ٠.٧٨٥٦ | | |
| | دکتۆرا | ٣.٠٦٤٨ | ١.٤٤٢٣ | | |

٢ – ج/ ئەنجامی تویژینەوەکە: لەگرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

١- زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (٤١-٥٠) ساڵییدایە و کەمترینیان تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٠-٣٠) ساڵیی .

کەواتە ڕێژەی بەشداریی گەنجان لە ڕەگەزی مێینە لە ئاستێکی کەمدایە و، ئەمەش شوێنەوارێکی نەرێنیی لەسەر دۆخی پارتە سیاسییەکان دەبێت، چونکە هەبوونی گەنج لە پارتەکاندا مانای نوێگەریی و داهێنان و بەرەوپێشچوونە ، چونکە گەنجان ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەن. هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە گەنج لە پارتێکدا واتە ئەو پارتە سیاسییە بە عەقڵیەتێکی مۆدێرن بیردەکاتەوە و بە ستراتیژێکی سەردەمییانە دەجوڵێت، بەجۆرێک لەگەڵ ئەم کات و ساتەی ئێستای کۆمەڵگە هاوتەرییە و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

٢- زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە خێزاندارن، ڕەنگە هۆکارەکەی پەیوەندییدار بێت بەو برگەیەی کە باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرتوێژان دەکات بە گێچەڵی سێکسیی لە نێو پارتەکاندا. بۆیە ئەگەر ژنێک هاوسەردار بێت و پیاوێک لە پشتی بێت، ڕەنگە بۆ ئەو ئاسانتر بێت بەشداریی کاری سیاسیی بکات.

٣- زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەمەش دڵخۆشکەرە مانای هەبوونی ژنانی خوێندەوار و رۆشنبیر دەگەیەنێت کە باشتر دەتوانن کار بۆ بەرەو پێشخستنی دۆزی ژن بکەن. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەتا ژنان زیاتر رۆشنبیر بن زیاتر هەست بەگرنگیبوونیان لە نێو کاری سیاسیی دەکەن هەتا بتوانن زیاتر خزمەت بە هاوڕەگەزەکانیان و کۆی گشتیی کۆمەڵگەش بکەن.

٤- زۆربەی بەرتوێژان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە زۆری رۆڵەکانیان بووە بە بنمیچێکی شوشەیی لە پێشیان و، رێگەی گەیشتنیان بە لوتکەی هەرەمی پیشەیی دەگرن. ئەمەش بێگومان پەیوەستە بەو وێناکردنە جێندەرییەی کلتوریی کۆمەڵایەتیی بۆ مێینەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی دروستکردووە و بە جۆرێک لە مێشک و زەین و ناخیان جێگیربووە، سەرباری ئەوەی بواریان بۆ رەخساوە بە حوکمی خوێندنیان و تێکەڵبوونیان لە کارێکدا کە بە پیاوانە لەقەڵەمدەدرێت هێشتا خۆیان ناتوانن دەربازبکەن لە بینینی خودی خۆیان لە چوارچێوەی ئەرک و بەرپرسیارێتیی نێو ماڵدا. ئەمەش بێگومان کاردانەوەی نەرێنیی دەبێت لەسەر ئەدای کاریان چونکە ئەگەر چیی بە جەستەش لەو شوێنە بونیان هەبێت، هێشتا سەرقاڵی بیرکردنەوەن لەوەی چۆن ئەرکەکانی نێو ماڵیان تەواوبکەن و، لەمەدا جیاوازن لە پیاوێک لە کاری سیاسییدایە، کە هەموو کات و بیر و هۆشی تەرخانکردووە بۆ چۆنێتیی گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن و پۆستی باڵا و پێگەی بڕیاردان.

٥- سەبارەت بەشوێنەوارەکانی دیاردەی بنمیچی شوشەیی لەسەر ئەدای ژنانی زۆربەی ئەندامانی نموونەکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن نائومێدن بەرامبەر ئاستی بەشداریی سیاسیی ژن و، بێگومان بەهۆی زۆریی ئەو بەربەستە دیار و نادیارانەیە کە وەک لەمپەر لە پێشیان دادەنرێت و رێگەیان نادات ئەو سنورە ببەزێنن کە پارتەکە بۆی دەستنیشانکردوون.

واتە چەند هەوڵبدەن و کاربکەن ناتوانن بە ئاسانیی بگەن بە پێگەیەکی چارەنووسساز و بڕیاربەدەست، ئەمەش وا دەکات مرۆڤ ئارەزووی کاری نەمێنێت لەو بوارەدا، بۆ نموونە دانانی ژن وەک کەمینەیەک و دانانی سیستەمی کۆتا بە رێژەی (٢٥-٣٠٪) ئەمە خۆی لە خۆیدا بچووکردنەوەی قەوارەیەکە لە رووی ژمارەی راستەقینەوە ئەگەر هێندەی رەگەزی نێر نەبێت رەنگە لەوان زیاتر بێت و ناچارکردنی ژنان و بەستنەوەیان بەم رێژەیە هەرخۆی لە خۆیدا کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەچەند روویەکەوە لەوانە:

کەمیی ژنان لە پۆستە باڵاکان بەجۆرێک نەتوانن دەنگێکی کاریگەر بن لە نێو پارتەکە و دواجار بتوانن بڕیارەکان بگۆڕن، لەلایەکی ترەوە وا لەو ژنانە دەکات بە هەموو جۆرێک بە کورسییەکەیانەوە بلکێن و رێگەنەدەن ژنانی تر توخنیبکەون و، دواجار خۆیان وەک رەگەزێکی مێیینە ببنەوە بە بنمیچێکی شوشەیی بۆ ژنانی تری ناو حیزبەکە و، ببن بە بەربەست لە پێشیان و ئیرەیی و رق دروستبێت لە نێوانیاندا، بەجۆرێک دووبەرەکیی دروستبکات لە ناو خودی ژنان خۆیان و نەتوانن یەکدەنگبن سەبارەت بە پرسەکانی ژن.

٦- لەبارەی میکانیزمی رووبەڕووبوونەوەی ژنان بۆ ئەم بەربەستە دروستکراو و شاراوانەی پێیان دەوترێت بنمیچی شوشەیی، زۆربەی بەرتوێژان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە پێویستە حیزبەکان کاربکەن بۆ نەهێشتنی دیاردەی گێچەڵپێکردنی سێکسیی، کە بە رێژەیەکی بەرچاو هەبوونی هەیە لە ناو حیزبەکاندا و ژنانی بێزارکردووە و، وایکردووە ئارەزووی کاری سیاسیان نەمێنێت، چونکە لە هەرشوێنێک ژن هەست بە پارێزراویی نەکات و ژیان و جەستە و کەرامەتی لە مەترسییدا بێت، ئەمە وادەکات نەتوانێت ئازادانە بجوڵێت بدوێت و کاربکات . لە کاری سیاسیی دا، هەبوونی ئەم ئازادییە بۆ ژن، زۆر گرنگترە بە بەراورد بە هەر کارێکی تر. بۆ نموونە ژنێکی

سیاسـەتمەدار، زۆر جیـاوازە لـە ژنێکـی فەرمانبـەر، چونکـە ئەگەرچیـی نموونـەی دووەم لـە پشـتی مێـز و کورسـییەک و لـە شـوێنێکی دیاریکـراو و بـۆ چەنـد کاتژمێرێـک کاردەکات و تێکـەڵ بـە کەسـانێکی دیاریکـراو دەبێـت، بـەڵام نموونـەی یەکـەم ژنـە سیاسـەتمەدارەکە وەهـا نییـە، بەڵکـو ئـەو دەجووڵێـت لـە ناوچەیـەک بـۆ ناوچەیـەک و تێکەڵـی ژمارەیەکـی زۆر لـە پیاوانـی هەمەجـۆر دەبێـت. چونکـە هـەر خـودی بوارەکـە خـۆی پیاوانەیـە و ڕێـژەی پیـاوی زۆرتـرە وەک لـە ژن و، ڕەنگـە پێویسـت بـە مانـەوە بـکات بـۆ مـاوەی زۆر و پێویسـتدەکات قسـەبکات و ڕای خـۆی دەرببڕێـت و کەسـێکی کاریگـەر بێـت بـە جۆرێـک بتوانێـت بۆچوونـی ئەوانیـتر بگۆڕێـت. ئـەم سـیفاتانەی ئـەم کارە داوایـدەکات قورسـدەبێت بـۆ ژنێـک کـە ئـەو ئازادییـەی نەبێـت و بـەردەوام لـە بـەر چـاو و دەم بێـت و گێچەڵـی پێبکرێـت. تەنانـەت کێشـەکە قورسـتر دەبێـت بـۆ ژنێـک، کـە خـۆی کاندیـددەکات. دەبینیـن لـە سۆشـیاڵ میدیـا زۆر بێزاردەکرێـت، ئەمـەش وایلێـدەکات پاشەکشـێبکات و جارێکـی تـر خـۆی کاندیدنەکاتـەوە، یـان زۆرجـار دەبێـت بـە وێنەیـەک بـۆ ژنانـی تـر و دەیانترسـێنێت و وادەکات ئـارەزووی کاری سیاسـییان نەمێنێـت.

٢ – د/ ڕاسپاردە و پێشنیارەکان:

ڕاسپاردەکان :

هانی توێژەران و ئەکادیمیان بدرێت بۆ بەجێهێنانی توێژینەوەی زیاتر سەبارەت بە:

١- هەبوونـی دیـاردەی بنمیچـی شوشـەیی لـە بوارەکانـی تـری وەک ( بازرگانیـی – خوێندنـی بـاڵا – کەرتـی پـەروەردە – تەندرووسـتیی – بـواری سـەربازیی).

٢- کاریگەری کلتووریی  و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە لەسەر درووستبوونی دیاردەی بنمیچی شووشەیی.

پێشنیارەکان:

١- پێویسـتە لەسـەر حیزبـەکان کاربکـەن بـۆ هاندانـی ژنـان و کچـان بـۆ زیاتـر بەشـداریکردن لـە کایـەی سیاسـیی دا، لـە ڕێگـەی بەشـدارییپێکردنیان لـە خولـی هۆشـیاریی لەبـارەی کاری سیاسـیی.

٢- کارکردنـی حیزبـەکان لەسـەر درووسـتکردنی ژنـی سـەرکردە و بـە توانـا و دانانیـان لـە شـوێنی شـیاو و پۆسـتە بـاڵاکان، هەتـا بـبن بـە نموونەیەکـی بـاڵا بـۆ ژنـان و کچانـی تـری کۆمەڵگـە و زیاتـر بەشـداریی سیاسـیی بکـەن.

٣- ڕووبەڕووبوونـەوەی دیـاردەی گێچەڵپێکردنـی سێکسـیی لـە نـاو حیزبەکانـدا، هەتـا ببێـت بـە شـوێنێکی پارێـزراو بـۆ ژنـان و زیاتـر بەشـداریی کایـەی سیاسـیی بکـەن. بـۆ ئەمـەش حیزبـەکان دەتوانـن سـندوقی سـکاڵا دابنێـن و لێپرسـینەوە لەگـەڵ گێچەڵـکاران بکـەن.

٤- پێویسـتە لەسـەر ڕاگەیانـدن زیاتـر کاربـکات لەسـەر دەرخسـتنی ئەزمونـی ژنانـی سـەرکردە، هەتـا بتوانێـت مۆدێلێکـی نوێـی ژن ( وەک کەسـێکی چـاالک و بەتوانـا و بەدەسـەڵات) نیشـانی کۆمەڵگـە بـدات، کـە سـوودی دەبێـت لـە گۆڕینـی ئـەو وێنـە بـاوەی  کـە کۆمەڵگـە بـۆ ژن هەیەتـی، لـە نەرێنیـی بـۆ ئەرێنیـی. دواجـار کاریگەریـی دەبێـت لەسـەر گۆڕینـی تێڕوانینـی ژن بـۆ خۆیـان و تێروانینـی ڕەگـەزی بەرامبەریـش بۆیـان.

٥- ڕێکخـراوەکان کاربکـەن لەسـەر هۆشـیارکردنەوەی خێزانـەکان هەتـا چیـتر جیاکاریـی نەکـەن لـە نێـوان کـوڕ و کچەکانیـان، لـە ڕووی هاندانیـان بـۆ بەشـداریکردن لـە کایـەی سیاسـییدا، ئەمـەش لـە ڕێگـەی گەڕانـەوەی متمانـەوە دەکرێـت، بەهـۆی توانـای کچەکانیـان و متمانەیـان بـە حیزبـە سیاسـییەکان کـە جێگەیەکـی پارێـزراوە بـۆ کچەکانیـان.

٦- پێویسـتە حیزبـەکان کاربکـەن لەسـەر ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی لـە نێـوان کچـان و کـوڕان، لـە هەڵبژاردنـی نوێنـەری خوێنـدکاران لـە زانکـۆ و پەیمانـگاکان کـە دەبێـت بـە یەکەمیـن دەسـتپێکی کاری سیاسـیی.

# Glass Ceiling and Its Effect on Women Performance at Work

## A Field Research on Women in Political Parties in Sulaimani


## Abstract

Glass wall is one of the gender exclusions that face women at work, this emerged with the beginning of the industrial revolution and the mass wave of women going out of their houses to work market, the activities and getting involved in fields and areas that were seized by men for a long time. This research is an endeavour to answer the question of: does glass wall exist? If so what makes it be? How does glass wall affects the women performance at work? The aim of this research is to address the affect on women by glass wall at work, for this matter the researcher has taken ١٦٥ samples from the research society, which is a total of the girls and women working in the Kurdish political parties in Sulaymani city, the samples are taken randomly in order to implement the field procedures. After processing the sampling form, the research reached at these conclusions: most of the samples' age group was (٥٠-٤١), they are married and hold Bachelor's degree, most of the samples stress that most of their roles have become a glass wall in front of them that hinders them to reach their goals and reach the peak of the pyramid of their occupations, regarding the aftereffect of the glass wall on the performance of women at work and reaching a political high position. Regarding the mechanism of women facing these hidden and made up barriers which is called glass wall most of the samples stress that the political parties must work to eradicate sexual harassment which is prevailing in the political parties and deeply disturbed women, this has pushed away women from political work.

One of the most important suggestions is that women and girls must be encouraged to get involved more in the political arena via participating them in the awareness courses regarding political parties, even raising awareness of families regarding women roles in political work, so they won't be obstacles in front of them.


**Keywords: Glass Ceiling, women performance at work, political parties, women political involvement)**

# السقف الزجاجي وأثره على أداء المرأة في العمل
# بحث ميداني عن المرأة في الأحزاب السياسية في السليمانية


## ملخص البحث

الجدار الزجاجي هو أحد الإقصاءات الجنسانية التي تواجه المرأة في العمل، ظهر ذلك مع بداية الثورة الصناعية والموجة الجماهيرية من خروج النساء من منازلهن إلى سوق العمل، والأنشطة والانخراط في الحقول والمجالات التي استولى عليها الرجال لفترة طويلة. هذا البحث هو محاولة للإجابة على سؤال: هل الجدار الزجاجي موجود؟ إذا كان الأمر كذلك ما الذي يجعله كذلك؟ كيف يؤثر الجدار الزجاجي على أداء المرأة في العمل؟ يهدف هذا البحث إلى معالجة التأثير على المرأة من خلال الجدار الزجاجي في العمل، ولهذا الأمر قامت الباحثة بأخذ ١٦٥ عينة من مجتمع البحث، وهو مجموع الفتيات والنساء العاملات في الأحزاب السياسية الكردية في مدينة سليماني، ويتم أخذ العينات بشكل عشوائي من أجل تنفيذ الإجراءات الميدانية. وبعد معالجة استمارة أخذ العينات، توصل البحث إلى هذه الاستنتاجات: كانت معظم الفئات العمرية للعينات (٤١-٥٠)، متزوجات وحاصلات على درجة البكالوريوس، وتؤكد معظم العينات أن معظم أدوارهن أصبحت جدارا زجاجيا أمامهن يعوقهن عن الوصول إلى أهدافهن والوصول إلى قمة هرم مهناتهن، فيما يتعلق بالأثر اللاحق للجدار الزجاجي على أداء المرأة في العمل والوصول إلى منصب سياسي رفيع. وفيما يتعلق بآلية مواجهة المرأة لهذه الحواجز الخفية والمفتعلة والتي تسمى الجدار الزجاجي تؤكد معظم العينات على ضرورة أن تعمل الأحزاب السياسية على القضاء على التحرش الجنسي الذي يسود في الأحزاب السياسية ويزعج النساء بشدة، وهذا ما دفع المرأة بعيدا عن العمل السياسي. ومن أهم الاقتراحات أنه يجب تشجيع النساء والفتيات على الانخراط بشكل أكبر في الساحة السياسية من خلال إشراكهن في الدورات التوعوية المتعلقة بالأحزاب السياسية، وحتى توعية الأسر بأدوار المرأة في العمل السياسي، حتى لا تكون هناك عقبات أمامهن.


**الكلمات المفتاحية: السقف الزجاجي، أداء المرأة في العمل، الأحزاب السياسية، المشاركة السياسية للمرأة**

## سەرچاوەکان


١. الحاج و الناصر ، عبد الملك بن الطاهر و نوف بنت عبدالله (٢٠١٨) ، ادراك المرآة العاملة لمشكلة السقوف الزجاجية في المملكة العربية السعودية : دراسة ميدانية عن عينة من موظفات الجهاز الحكومي بمدينة الرياض ، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الانسانية و الاجتماعية ، المجلد ١٥ ، العدد ٢ ، ص ١٧٦-١٧٧.

٢. ويلسون ، دايڤيد (١٩٩٩) ، استراتيجية التغيير (مفاهيم و مناظرات في ادارة التغيير) ، دار الفجر للنشر و التوزيع ، مصر ،ط٢ ، ص١٠١.

٣. Cotter , David A., Joan M. Hermsen, Seth Ovadia, Reeve Vanneman, The Glass Ceiling Effect , Get access Arrow Social Forces, Volume ٨٠, Issue ٢, December ٢٠٠١, Pages ٦٥٥–٦٨١, https://doi.org/١٠,١٣٥٣/

International Journal of Environmental Research and ,٢٠٠١ December ٠١ :Published,٢٠٠١,٠٠٩١.sof ٦٥٨ ١٨١٥٨٠١١Academic Editor: Paul B. Tch ,p ijerph/١٠,٣٣٩٠/Public Health, Res..https://doi.org.

٤. المسدي و آخرون ، عادل عبد المنعم (٢٠١٩) ، آثر عوامل السقف الزجاجي لتولي المرأة المناصب القيادية على دافعيتها نحو العمل : بالتطبيق على المؤوسسات الصحفية القومية بمصر ، مجلة كلية التجارة للبحوث العلمية / كلية التجارة ، جامعة الاسكندرية ،المجلد السادس و الخمسون ، العدد الاول ، ص ٧.

Gender Discriminatory Practices in Organisations –Need. )٢٠١٧(. Thippeswamy.T. & Aquinas, P.G .٥ ,٠٧ for Social Work Intervention , A Conceptual Study .Research on Humanities and Social Scienes,Vol .٣ Retrieved, p ,No١٧,٠٣

٦. سهام و سميرة ، موفق و هيشر (٢٠١٥) ، المرأة العاملة والمناصب القيادية «دراسة لظاهرة السقف الزجاجي»، أبحاث اقتصادية وإدارية ، العدد السابع عشر، ص٢٤٧.

٧. بلال ، مشعلى (٢٠١٠) ، دور برامج السلامة المهنية في تحسين اداء العمال بالمؤسسات الصغيرة و المتوسطة الجزائرية ،كلية علوم الاقتصاد و علوم التسيير ، جامعة فرحات عباس ، الجزائر، ص٢١.

٨. درة ، عبد الباري (٢٠٠٣) ، تكنلوجيا الأداء البشري في المنظمات ، منشورات المنظمة العربية للتنمية الأدارية ، القاهرة ، مصر ، ص٨٧.

٩. أبو جليدة ، سعيد سمير (٢٠١٨) ، أثر استراتيجيات أدارة الموارد البشرية على أداء العاملين في شركات الاتصالات الليبية ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية الاعمال ، جامعة الشرق الاوسط ، عمان – الاردن ، ص٩.

١٠. سهام و طيب ،بولعراس و صيد (٢٠٢١) ، ما وراء السقف الزجاجي؟ خلفيات نظرية ومعطيات إمبريقية ـ دراسة تحليلية نقديةـ مجلة دراسات انسانية و اجتماعية ، جامعة وهران ، المجلد ١٠ ، العدد ٢.

١١. عون ،وفاء(٢٠١٩)، كسر السقف الزجاجي : دراسة ظواهرية حول القيادات الادارية العليا النسائية في التعليم السعودي العالي مقارنة بالولايات المتحدة الامريكية ،مجلة العلوم التربوية ، العدد الاول ، الجزء ٣.

١٢. المسدي و آخرون ، عادل عبد المنعم (٢٠١٩) ، آثر عوامل السقف الزجاجي لتولي المرأة المناصب القيادية على دافعيتها نحو العمل : بالتطبيق على المؤوسسات الصحفية القومية بمصر ، مجلة كلية التجارة للبحوث العلمية / كلية التجارة ، جامعة الاسكندرية ،المجلد السادس و الخمسون ، العدد الاول.

The Glass Ceiling for Women Managers: Antecedents (٢٠٢١) Babic & Hansez, Audrey & Isabelle .١٣ and Consequences for Work-Family Interface and Well-Being at Work , Human Resources Development /١٠,٣٣٨٩/Unit, Work Psychology Department, University of Liège, Liège, Belgium https://doi.org .٢٠٢١,٦١٨٢٥.fpsyg

Descriptive Elements and (٢٠٢١) Martínez-Fierro & Lechuga Sancho , Salustiano & d María Paula .١٤ .Conceptual Structure of Glass Ceiling Research

Looking through the Glass Ceiling: A Qualitative Study of STEM Women's ,(٢٠١٧) Amon , Mary Jean .١٥ Career Narratives, Developmental Cognitive Neuroscience Laboratory, Department of Psychological /١٠,٣٣٨٩/and Brain Sciences, Indiana University Bloomington, Bloomington, IN, USA , https://doi.org .٢٠١٧,٠٠٢٣٦.fpsyg

١٦. بەرگەم ، کنووت . ڤ. (٢٠١١) ، ناساندن و پێناسەی مافەکانی مرۆڤ ، وەرگێڕان : ابراهیم صالحی ڕاد ،

چاپخانــەی حاجــی هاشــم ، هەولێــر .چاپــی ١ ، لا ٢٧٢.
١٧. منظمـة العمـل الدوليـة (٢٠١٢) ، الفبـاء حقـوق المـرأة العاملـة و المسـاوات بيـن الجنسـين ،حقـوق طبـع محفوظـة لمنظمـة العمـل الدوليـة، بيـروت ، ، ط٢ ، ص ٨-١٠.
١٨. حوسـو ، عصمـت محمـد (٢٠٠٩)، الجنـدر ( الابعـاد الاجتماعيـة و الثقافيـة ) ، دار الـشروق ، عـمان – الاردن ، ط١ ، ص ٩٥-١٠١.
(Stereotype - سـتریۆتایپ) وشـەیەکە بـۆ یەکـەم جـار لەلایـەن زانایـەک بەنـاوی (فیرمـن دیـوت) لـە سـاڵی (١٧٩٨) هاتەکایـەوە بـۆ وەسـفکردنی ئامێـری چاپەمەنیـی، دواتـر لـە سـاڵی (١٩٢٢) جارێکیـتر لەلایـەن ( واڵـتر لیبـمان) ی رۆژنامەنوسـی ئەمریکایـی، بـە دیـوە سـایکۆلۆجیاییەکەی بەکارهێـنرا (لیبـمان) پێیوایـە مێشـکی مـرۆڤ وەک ئامێـری چاپەمەنیـی وایـە چەنـد هێـما و ئامـاژە و وشـەیەک لـە ژینگـەی چـواردەوری وەردەگرێـت و، لـە رێگـەی پرۆسـە عەقڵدارییـەکان مانایەکیـان پێدەبەخشـێت و، لێرەوە دەتوانێـت لـە ژینگـەی چـواردەوری تێبـگات و پەیوەندیـی لەگەڵ دروسـتبکات و فێردەبێـت لـە کات وشـوێنی گونجـاو بـەکاری بهێنێـت.
١٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٥٨.
٢٠. Bem , S .L (١٩٩٣) , The Lenses Of Gender ,New Haven : Yale University Press, p١٥٤.
٢١. چلبـی ، علـی عبـد الـرزاق (٢٠١١) ، الاتجاهـات الاساسـية في نظريـة علـم الاجتـماع ، دار المعرفـة الجامعيـة ،الاسـكندرية ، ط٢، ص٢٣٠.
٢٢. وارتـۆن ، ايمـی . اس (٢٠١٤) ، علـم اجتـماع النـوع ، ترجمـة : هـاني خميـس احمـد عبـده ، المركـز القومـی للترجمـة ، القاهـرة ، ط١ ، ص٣٣٣.
٢٣. العمر ، معن خليل (٢٠١٥) ، علم الاجتماع الجندر ، دار الشروق ، عمان – الاردن ، ط١، ص٢٧٩-٢٨٠.
٢٤. غدنز، أنتوني (٢٠٠٥) ، علم الاجتماع ، ترجمة: فايز الصباغ ، المنظمة العربية للترجمة ، بيروت ، ط١، ص٢٠١.
٢٥. النـوري و الحسـني، قيـس و عبدالمنعـم(١٩٨٥)، النظريـات الاجتماعيـة ، وزارة التعليـم العـالي و البحـث العلمـي ، جامعـة بغـداد ،ط١، ص٢٦٨.
٢٦. Kanter , R . M (١٩٧٧) , Men And Women of the Corporation , New York , Basic Book, p٢٠٧-٢١٢.
٢٧. وارتۆن ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣١٣-٣١٤.
٢٨. النجفـي، حسـين بسـتان (٢٠٠٨) ، الاسـلام و الجنوسـة (التمييـز بيـن الجنسـين في المؤسسـات الاجتماعيـة ، مركـز الحضـارة لتنميـة الفكـر الاسـلامي ، بيـروت، ط١ ، ص٢٤٨.
٢٩. الطويـل ، عـزت عبـد العظيـم (١٩٩٩) ، معـالم علـم النفـس المعـاصر ، دار المعرفـة الجامعيـة ، اسـكندرية ، ط١، ص١٩٧-٢٠٠.
٣٠. أحمـد ، أحمـد محمـد عـوض (٢٠٠٧) ، الاحـتراق النفـسي و المنـاخ التنظيمـي في المـدارس ، دار الحامـد للنـشر و التوزيـع ، عـمان، ط١، ص٩٧-١٠٥.
٣١. اسـماعيل ، عـلاء الديـن (٢٠٠٣) ، محـددات الـدور و انمـاط السـلوک التنظيمـي للمـرأة المصريـة فـی مجـال الادارة ، رسـالة دكتـوراه غيـر منشـورة ، جامعـة الحلـوان ، مـصر، ص٢٠٢-٢٠٣.
٣٢. منظمة العمل الدولية ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩٧.
٣٣. Nunally, G.C, Psychometric Theory, Mc Graw, Hill, New York, U.S.A ,١٩٧٨, p ٢٦٢.